# چێوە هەواڵییەکانی ڕوماڵکردنی جەنگی ڕوسیا - ئۆکرانیا لە ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکاندا

(توێژینەوەیەکی شیکاریی بەراوردکارییە لەنێوان هەردو ماڵپەڕی (BBC) و ڕوداو دا)

**فاروق جميل كريم**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عیراق.

## پوختەی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاشکراکردنی چێوە هەواڵییەکانی ڕوماڵکردنی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیایە لە هەردو ماڵپەڕی (ڕوداو)ی کوردی و ( BBC Arabic)دا. توێژینەوەکە پشتی بە نەخشیکاریی بەستوە لەچوارچێوەی میتۆدی وەسفییدا. مشتەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە تەواوی بابەتە هەواڵییەکانی هەردو ماڵپەر لەماوەی هەفتەی یەکەمی جەنگەکەدا (٢٠٢٢/٢/٢٤) تا (٢٠٢٢/٣/٢). کۆی مشتەکەی پێکهاتوە لە (١٨٣) هەواڵی هەردو ماڵپەر لەماوەی دیاریکراودا. لەکۆتاییدا توێژەر بە چەند ئەنجامێک گەیشتوە، دیارترینیان: جیاوازیی ئاماریی هەیە لە چێوەسازیی هەواڵیی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیا لەنێوان هەردو ماڵپەردا. ماڵپەڕی ڕوداو سەرنجی زیاتری لەسەر هەواڵی ئاسایی بوە، بەڵام ماڵپەڕی (BBC Arabic) زۆرترین بایەخی بە ڕاپۆرتە هەواڵ داوە. هیچکام لە دو ماڵپەرەکە پشتیان بە سەرچاوە میدیاییەکانی هەردو لایەنی ململانێکە نەبەستوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە ماڵپەڕی ڕوداو لە (١٨،٥٥٪)ی هەواڵەکانیدا لەڕێی چاودێریکردنی هەژماری گەورە لێپرسراوانی هەردولاوە هەواڵ و زانیاریی بەدەستهێناوە. هەر بەگویرەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، ڕێژەیەکی کەمی هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی هەردو ماڵپەر بەشێوەی مەیدانیی لەلایەن پەیامنێر و نێردراوەکانیانەوە ئامادەکراون. جگە لە هەندێک ڕاپۆرتی هەردو ماڵپەر کە لە وڵاتانی دیکەی وەک ئەمریکا و ئەڵمانیا و بەرتیانیاوە ئامادەکراون. سەبارەت بە چێوەی سەرنجڕاکێشانی وەرگر بۆ ناوەڕۆکی هەواڵەکانیش، ئەنجامەکان ڕونیدەکەنەوە کە ماڵپەری ڕوداو لۆژیکییانە و بێلایەنانەتر ڕوماڵی کردوە، بەڵام ماڵپەری (BBC Arabic) لایەنداریی پێوەدیارە بەئاراستەی هاوسۆزیی بۆ ئۆکرانییەکان و وێناکردنیان وەک گەلێکی ستەملێکراو. دەشێت هۆکاری سەرەکیی ئەم جیاوازییە، ڕەنگدانەوەی هەڵوێست و سیاسەتی ڕەسمیی لایەنی پارەدارکردنی هەردو ماڵپەرەکە بێت. هەروەها ڕوداو لە (٩٠،٧٢٪)ی هەواڵەکانیدا تەنها هەواڵ و ڕاستییەکانی گواستوەتەوە، بەڵام بڕیاردان و لێکدانەوەی بۆ وەرگر بەجێهێشتوە. بەپێچەوانەی ماڵپەری (BBC Arabic) کە چەندین چەمکی وەک: داگیرکاریی، لەشکرکێشیی، تاوانکاریی، پێشێلکاریی بەکارهێناوە بەئامانجی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر وەرگر بەئاراستەی هاوسۆزیی لەگەڵ ئۆکرانییەکان.

**کلیلە وشەکان**: چێوەسازیی، چێوە هەواڵییەکان، ماڵپەری ئەلیکترۆنیی.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(4).Paper6
**Received:** 27-Aug-2022
**Accepted:** 05-Oct-2022
**Published:** 29-Dec-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
farooq.kareem@uoh.edu.iq
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## ١- پێشەکیی:

ڕۆژی ٢٠٢٢/٢/٢٤ سوپای ڕوسیا، لەشکرکێشیی بەرفراوانی بۆ سەر ئۆکرانیای دراوسێی دەستپێکرد. ئەم ڕوداوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی شپرزە و دابەشکرد. ئەو دابەشبونە تەنانەت لەسەر ناولێنانی ڕوداوەکەش ڕەنگیدایەوە. ڕوسیا ناویلێنا "ئۆپەراسیۆنی سەربازیی ڕوسیا لە ئۆکرانیا". ئۆکرانیا و دۆستەکانی ناویان لێنا "پەلاماری داگیرکاریی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکرانیا". بێلایەنەکانیش چەند ناوێکیان لێنا، لەوانە: "قەیرانی ئۆکرانیا، جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیا".

لێکەوتەکانی جەنگەکە، زۆر و خێرا بون. هەر لە سەرەتاوە چەندین ملیۆن هاووڵاتیی ئۆکرانیی بەرەو ناوچەکانی خۆرئاوای وڵات و لەوێشەوە بەرەو وڵاتانی دیکەی ئەورووپا هەڵاتن، لێدوانی توندی بەرپرسانی (کرملین) و (کییڤ)، شەپۆلی ئیدانە و نیگەرانیی کۆمەڵی نێودەوڵەتیی، دەربڕینی ترس لە فراوانبونی مەودای جەنگەکە و تێوەگلانی ڕاستەوخۆی وڵاتانی پەیمانی باکوری ئەتڵەنتیک (ناتۆ) و ئەمریکا، هەموی دۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد. پێشبینیی و چاوەڕوانیی هەڵوێستی وڵاتانی زلهێزی وەک چین و کۆریای باکور، هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ و ئیقلیمیی و نزیک لە ناوچەی شەڕ. هەمو ئەوانە بونە جێگەی باس و بایەخی ئاژانس و دەزگا میدیاییەکانی جیهان. هەر لە دەستپێکی جەنگەکەشەوە، کەناڵەکانی میدیای کۆنباو و نوێ، دەستیانکرد بە ڕوماڵکردنی هەواڵ و زانیارییەکانی تایبەت بەو جەنگە.

بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی و جەمسەربەندییەکان، دەشێت کەناڵەکانی میدیاش ببنە بەشێک لە ململانێکان و بەپێی ستراتیژ و مەرامی خۆیان کار لەسەر ڕوماڵکردنی ڕوداوەکان بکەن، ئەمە لەکاتێکدایە کە بنەماکانی ڕوماڵی پیشەییانە، دروشمی زۆرینەی دەزگا و کەناڵەکانی میدیایە لە جیهاندا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ئاشنابون بە شێوازەکانی ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیا لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی دو کەناڵی میدیایی ناودار و کاریگەردا. یەکەمیان بەشی کوردیی ماڵپەڕی (ڕوداو)ە کە یەکێکە لە دیارترین کەناڵە میدیاییە کوردییەکان و بە چەند زمانێک و لەڕێی کەناڵی تەلەفزیۆنیی و ماڵپەڕ و ئەپەکانی سۆشیال میدیاوە ڕوماڵی هەواڵە ناوخۆیی و جیهانییەکان دەکات. دوەمیان ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی کەناڵی (BBC Arabic)ە کە یەکێکە لە کۆنترین و دیارترین

کەناڵە میدیاییە جیهانییەکان و خاوەنی پاشخانێکی گەورەی کاری میدیاییە، بە چەندین زمان لەڕێی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ماڵپەڕ و ئەپەکانی سۆشیال میدیاوە هەواڵ و زانیارییەکان پێشکەشی ژمارەیەکی زۆری خەڵک دەکات لە سەرانسەری جیهاندا. هەڵبژاردنی ئەم دو ماڵپەرە بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ماڵپەرە کوردییەکە یەکێکە لە دیارترین کەناڵە کوردییەکان کە وەرگرێکی زۆری هەیە لە کوردستان، خاوەنی تۆڕێکی فراوانی پەیامنێرانە و دەستپێشخەریی ڕۆژنامەنوسیی زۆریشی هەیە. تەنانەت لەڕوی کاری مەیدانییەوە سنورەکانی کوردستانیشی تێپەڕاندوە. بەشی عەرەبیی ماڵپەرە بەریتانییەکەش خاوەنی تۆڕێکی بەرفراوانی پەیامنێرانە لە زۆربەی پایتەخت و شارە گەورەکان و ناوچە گەرمەکانی جیهاندا. هەردو ماڵپەر بەبایەخەوە ڕوماڵی هەواڵەکانی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیایان کردوە.

## ٢-١/ توێژینەوەکانی پێشو:

بەمەبەستی ئاشنابون بە ئەدەبیاتی توێژینەوەکە و داڕشتنەوەی پرسیارەکانی، توێژەر خوێندنەوە و پێداچونەوەی بە کۆمەڵێک توێژینەوەی پەیوەندییداری پێشودا کردوە. ئەوانیش دو جۆرن: یەکەمیان، ئەو توێژینەوانەن کە تایبەتن بە پەیوەندیی نێوان میدیا و جەنگی ئۆکرانیا- ڕوسیا. دوەمیشیان ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کە پشتیان بە تیۆریی چێوەسازیی هەواڵ (News Framing) بەستوە، ئەو تیۆرییەی کە لەم توێژینەوەیەشدا پشتی پێبەستراوە:

### ٢-١/ توێژینەوەی (Boucher, others: 2022):

توێژینەوەیەکی شیکارییە دەربارەی کاریگەرییەکانی پڕوپاگەندە و جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیا لای بەکارهێنەرانی کەنەدایی لە سۆشیال میدیادا. بۆ بەدەستهێنانی داتای پێویست، توێژەران گەڕانیان بۆ چەند چەمکێک کردوە لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەردا. مشتەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە (٦.٢) ملیۆن تویتی کەنەدییەکان لە دەرەوە و ناوەوەی وڵاتەکەدا. دوای جیاکردنەوە و شیکاریی داتاکان، توێژەران بەوە گەیشتون کە بەشێک لە کەنەدییەکان کەوتونەتە ژێر کاریگەریی گوتاری میدیای ڕوسیایی و چینییەوە. ئەوان لۆمەی ناتۆ دەکەن کە بەهۆی هەوڵەکانی پاوانخوازیی و نیازی دوژمنکارانەی بەرامبەر ڕوسیا بوەتە هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانی ئۆکرانیا. هەروەها وڵاتانی وەکو کەنەدا و ئەمریکا و بەریتانیا هەوڵدەدەن ئەوروپا ناچاربکەن ببنە بەشێک لە جەنگەکە بەو هیوایەی خۆیان قازانجی دارایی بکەن. کاریگەرییەکی دیکە لەسەر کەنەدییەکان ئەوەیە کە پێیانوایە وڵاتانی خۆرئاوا پشتیوانیی "فاشییزم" لە ئۆکرانیا دەکەن، لەبەرئەوە پاساو بۆ کاردانەوەکانیان دژی ڕوسیا دەهێننەوە.

### ٢-٢/ توێژینەوەی (Lin: 2022):

توێژینەوەیەکی شیکاریی بەراوردکارییە دەربارەی چێوەسازیی میدیای ئەمریکایی و چینیی لە ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیا. مشتەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە (٢٠) ڕاپۆرتە هەواڵی هەردو ماڵپەری ( Los Angeles Times)ی ئەمریکایی و (China Daily)ی چینیی، کە توێژەر لە هەریەکێکیاندا (١٠) ڕاپۆرتەهەواڵی

وەرگرتوە. لەپاش شیکارکردنی ناوەڕۆکی گوتاری هەردو ماڵپەرەکە، توێژەر بە کۆمەڵێک ئەنجام گەیشتوە، لەوانە: هەردو ماڵپەرەکە چێوەی جیاوازیان بەکارهێناوە لە گێڕانەوەی هەواڵەکانی جەنگەکەدا. ماڵپەرە چینییەکە زیاتر سەرنجی خستوەتە سەر لایەنی بەرپرسیار، بەڵام ماڵپەرە ئەمریکاییەکە زۆرترین سەرنجی لەسەر بەرژەوەندییە ئابوری و مرۆییەکان بوە. جگە لەوانەش، ئایدۆلۆژیا کاریگەریی خۆی هەبوە بەسەر شێوازی چێوەسازیی هەواڵەکان لە دو ماڵپەرەکەدا، بەو بەڵگەیەی کە کەناڵەکانی میدیای هەردو وڵات سانسۆری حکومەتیان لەسەرە، بەڵام حکومەت و ئایدۆلۆژیا کاریگەریی زیاتریان لەسەر ماڵپەرە چینییەکە هەبوە.

### ٢-٣/ توێژینەوەی (Mäenpää: 2022):

ئەم توێژینەوەیە شیکاریی ناوەڕۆکی گوتاری کەناڵەکانی میدیای کردوە دەربارەی پرسی ئاوارەکانی ئۆکرانیا لە ڕۆژانی سەرەتای جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیادا. توێژەر گوتاری بەشی ئینگلیزیی هەردو کەناڵی (DW)ی ئەڵمانیی و (Aljazeera)ی قەتەریی وەک مشتەی توێژینەوەکە وەرگرتوە و لەنێویاندا گەڕانی بۆ بەربڵاوترین دو ناو کردوە کە بریتیین لە (ئۆکرانیا) و (پەنابەران). لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە: گوتاری کەناڵە ئەڵمانییەکە لایەندارییی ئاشکرای پێوەدیارە بۆ ئۆکرانییەکان، چونکە دەسەڵاتدارانی ڕوسیا وەک شەڕانگێز و بەرپرسی دۆخەکە نیشاندەدات. خەڵکی ئۆکرانیاش وەک قوربانیی و کۆچبەری یاسایی پۆلێن دەکات بەپێچەوانەی کۆچبەرانی وڵاتانی دیکەوە. بەڵام کەناڵە قەتەرییەکە تاڕاددەیەک گوتارێکی بابەتییانەی هەیە. ڕوسیا و خەڵکەکەی و سەرۆکەکەی لەیەکتر جیانەکردوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا جاروبار ڕوسیا وەک دەستدرێژیکار نیشاندەدات. هەروەها لە ئەلجەزیرەدا وا نیشاندراوە کە لە دیدی ئەوروپییەکانەوە هەمو پەنابەران وەکویەک نین، چونکە ئەو پێشوازییەی لە پەنابەرانی ئۆکرانیی دەیکەن، لە پەنابەری وڵاتانی دیکەیان نەکردوە.

### ٢-٤/ توێژینەوەی (Vangsnes: 2022):

توێژینەوەیەکی ناوەڕۆک شیکارییە، ئامانجی زانینی جیاوازیی چێوەسازیی کەناڵەکانی میدیای ئەوروپا و خۆرئاوایە لە ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی شەری ڕوسیا- ئۆکرانیا و جەنگی ئەمریکا لە عیراق. مشتەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە هەرسێ ماڵپەری (The Guardian)ی بەریتانیی و (The New York Times)ی ئەمریکایی و (RT)ی ڕوسیایی. بەگوێرەی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان گوتاری میدیای ڕوسیایی و خۆرئاواییدا. میدیای خۆرئاوایی پێیوایە جەنگەکە داگیرکارییە و (پوتن) هۆکاری وێرانکارییەکانە، بەڵام کەناڵە ڕوسیاییەکە بە "پرۆسەیەکی سەربازیی تایبەت" ناویبردوە. هەروەها گاردیان و نیویۆرک تایمز، ڕوسیا بە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ ناوزەددەکەن، بەڵام کەناڵەکەی ڕوسیا ئەو داوایەی پوتنی چەندجاریک بڵاوکردوەتەوە کە داوا لە سەرۆکی فەرەنسا دەکات تاوانەکانی ئۆکرانیا ڕابگرێت لە جەنگەکەدا. سەبارەت بە جەنگی عیراقیش، ڕوماڵی کەناڵەکەی ڕوسیا

سوکایەتیکردن بوە بە ئەمریکا، دو کەناڵەکەی دیکەش بێلایەن نەبون، چونکە هەمیشە پاساوەکانی ئەمریکایان بەرچاوخستوە بۆ داگیرکردنی عیراق.

**٢-٥/ توێژینەوەی (Vrba: 2022):**

ئامانجی توێژینەوەکە ئاشکراکردنی چێوەی ئەو چەمکانەیە کە لەپێش و لەپاش دەستپێکردنی شەری ڕوسیا-ئۆکرانیا لە ماڵپەری تۆڕی (CNN) زۆرترین جار بەکارهێنراون. بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، توێژەر پشتی بە پرۆگرامی (Sketch Engine) بەستوە و مشتەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە (١٤٠٩٥٩) وشە لەماوەی (١٠) ڕۆژی پێش جەنگەکە و (١٠٣٣١٥٩) وشە لە (١٠) ڕۆژی سەرەتای جەنگەکەدا. توێژەر بەو ئەنجامە گەیشتوە کە کەناڵی (CNN) لەماوەی پێش جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیادا وێنای (ڤلادیمێر پوتن)ی سەرۆکی ڕوسیای وەک هۆکاری سەرەکیی ململانێکە کردوە و هیچ دەستەواژەیەکی ئەرێنیی لەبارەیەوە بەکارنەهێناوە. لەدوای دەستپێکی جەنگیشەوە، ڕوسیای وەکو لایەنی بەرپرسیار لە ڕودانی جەنگەکە وێناکردوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە هیچ بەرگێکی پاڵەوانانەی بە بەری (جۆ بایدن)ی سەرۆکی ئەمریکا و (ڤۆلۆدیمێر زیلینسکی)ی سەرۆکی ئۆکرانیادا نەکردوە. هەروەها بەهیچ شێوەیەک وێنای (ڤلادیمێر پوتن)ی سەرۆکی ڕوسیای وەک کەسێکی شەڕانگیز نەکردوە.

**٢-٦/ توێژینەوەی (الأکشر: ٢٠٢٢):**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاشکراکردنی چێوەکانی ڕوماڵکردنی قەیرانە دەرەکییەکانە لەلایەن ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکانەوە، لەڕێی ئەزمونکردنی قەیرانی میسر و تورکیا، پاش دیاریکردنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان و چێوە میدیاییە بەکارهاتوەکان و ئامانجی بابەتەکان و ئەو بابەتانەی کە بۆی تەرخانکراون. بۆ کۆکردنەوەی داتای پێویست، توێژەر میتۆدی ڕوپێویی و ئامرازی ناوەڕۆک شیکاریی بەکارهێناوە. مشتەی توێژینەوەکەش پێکهاتوە لە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی هەردو ڕۆژنامەی (الاهرام، الیوم السابع) لەماوەی نێوان (٢٠١٩/١/٢٠) تاوەکو (٢٠٢٠/١/٢٠). هەمو ئەو ڕێکارانەش لەچوارچێوەی تیۆریی چێوەسازییدا گیراونەتەبەر. لە گرنگترین ئەنجامەکانی تویژینەوەکە: هەردو ڕۆژنامەکە بەپلەی یەکەم وێنەی کەسییان بەکارهێناوە، پاشان وێنەی ڕوداوەکان. هەردو ڕۆژنامەکە زیاتر سەرنجراکێشانی لۆژیکییانەیان بەکارهێناوە. هێزە کاریگەرەکانیش لە ڕوماڵی هەردو ڕۆژنامەکەدا هەمەجۆرن. لایەنی ئەرێنیی هێزە کاریگەرەکان بریتیین لە وەزارەتی دەرەوە و جەماوەری میسریی و لیبیایی و دامەزراوە ئایینییەکانی میسر. بەڵام لایەنە نەرێنییەکان بریتیین لە سەرۆکی تورکیا و تیرۆریستان.

**٢-٧/ توێژینەوەی (أبوعرجة، الكعابنة: ٢٠٢١):**

توێژینەوەیەکی شیکارییە بەئامانجی زانینی ناوەڕۆکی ڕوماڵە هەواڵییەکانی کەناڵی (مکان٣٣)ی ئیسرائیلیی دەربارەی پەرەسەندنەکانی کێشەی فەلەستین لە سەرەتا تاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠١٨. بۆ ئەو مەبەستەش هەردو توێژەر پرسیارەکانیان لەبەر ڕۆشنایی تیۆریی چێوەسازییدا داناوە، پشتیشیان بە میتۆدی ڕوپێویی بەستوە بۆ شیکارکردنی

ناوەڕۆکی (٤٤) هەڵقەی بەرنامە هەواڵییەکانی ئێوارانی کەناڵەکە کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەردەست بون. توێژەران بە کۆمەڵێک ئەنجام گەیشتون، لەوانە: کەناڵەکە زۆرترین بایەخی داوە بە چێوەی (لایەنەکانی ململانێکە) لە بەرنامە هەواڵییەکانی ئێوارانیدا. سەبارەت بە بابەتە سەرەکییەکانیش (پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئیسرائیل) زۆرترین کاتی بۆ تەرخانکراوە. هەروەها (سەرنجراکێشانی لۆژیکییانە) زۆرترین ئامادەگیی هەبوە لە نێو هەواڵەکانی کەناڵە ئیسرائیلییەکەدا، پاشان سەرنجڕاکێشانی هاوبەش. لە پلەی سێیەمیشدا (سەرنجڕاکێشانی هاوسۆزانە) هاتوە کە وا نیشاندەدات کۆمەڵگەی ئیسرائیلیی کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخوازە و هەوڵی بەدیهێنانی ئاشتیی دەدات، بەڵام لەلایەن فەلەستینییەکانەوە ئازاردەدرێت.

### ٢-٨/ توێژینەوەی (الجنابي، سعيد: ٢٠٢١):

توێژینەوەیەکی وەسفیی شیکارییە، بەئامانجی زانینی چێوە هەواڵییەکانی ڕومالکردنی دۆخی عیراق لە ماڵپەری (CNN)ی عەرەبی لەماوەی نێوان (٢٠١٨/٩/١) تاوەکو (٢٠١٩/٨/٣١). ئامانجێکی دیکەشی ئاشنابونە بە دیارترین میکانیزمەکانی چێوەسازیی ماڵپەرەکە لە خستنەڕوی کاروباری عیراقدا. لەبەر ڕۆشنایی گریمانەکانی تیۆریی چێوەسازییدا، توێژینەوەکە پشتی بەستوە بە ئامرازی شیکاریی ناوەڕۆک لەچوارچێوەی میتۆدی وەسفیدا. مشتەکەی پێکهاتوە لە (١٥٤) بابەتی ڕۆژنامەوانیی کە لەماوەی دیاریکراودا لە ماڵپەرەکەدا بڵاوکراونەتەوە. دوای کۆکردنەوە و شیکاریی داتاکان، هەردو توێژەر گەیشتون بەوەی کە: (چێوەی سیاسیی) پلەی یەکەمی گرتوە لەنێو چێوەکانی ڕومالکردنی دۆخی عیراق لە ماڵپەرەکەدا. لەنێو چێوە سیاسییەکانیشدا پرسی یاسادانان لە ئەنجومەنی نوێنەران لە پلەی یەکەمدایە، پاشان پرسی ئەمنیی کە لەمەیاندا هەواڵەکانی تایبەت بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی پلەی یەکەمی گرتوە. سەبارەت بە میکانیزمەکانی چێوەسازییش، ماڵپەری (CNN) بەپلەی یەکەم ڤیدیۆی بەکارهێناوە و دوای ئەویش پشتی بە هەڵێنجان (اقتباس) بەستوە.

### ٢-٩/ توێژینەوەی (علی، عمران، علی: ٢٠٢١):

ئامانجی توێژینەوەکە ئاشکراکردنی چێوە هەواڵییەکانی پرسی کۆچی نایاساییە لەلایەن کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکانەوە. توێژەران پشتیان بە میتۆدی ڕوپێویی میدیایی بەستوە بەبەکارهێنانی ئامرازی شیکاریی ناوەڕۆکی مشتەیەک لە هەرسێ کەناڵی هەواڵیی (النيل الاخبارية، العربية حدث، BBCی عەرەبی). بۆ بەدەستهێنانی داتای پێویست، هەرسێ توێژەر شێوازی دیاریکردنی گشتگیریان بەکارهێناوە بۆ ماوەی شەش مانگ. توێژەران بە کۆمەڵێک ئەنجام گەیشتون، لە گرنگترینیان: هەرسێ کەناڵەکە چێوەی جیاوازیان بەکارهێناوە لە گەشتە هەواڵییەکانیاندا دەربارەی پرسی کۆچکردنی نایاسایی، چێوەی مرۆیی و لێدوانی نێودەوڵەتیی و چێوەی یاسایی و سیاسیی. کەناڵە عەرەبییەکان زۆرترین بایەخیان بە چێوەی مرۆیی داوە، بەڵام کەناڵی (BBC) زۆرترین سەرنجی لەسەر چێوەی یاسایی بوە. ڕێگەچارەکانیش لەڕێی میوانداریکردنی میوانان و قسەکەرانەوە هەمەجۆرن، وەک

ئەمنیی و مرۆیی. کەناڵە عەرەبییەکان بایەخیان بە چێوەی مرۆیی داوە، بەڵام کەناڵەکەی دیکە زیاتر بایەخی بە چارەسەری ئەمنیی داوە.

### ٢-١٠/ توێژینەوەی (النصافي: ٢٠٢٠):

ئامانج لە توێژینەوەکە ئاشنابونە بە چێوەسازیی هەواڵی کێشە سەربازییەکانی وڵاتانی عەرەبیی لە هەرسێ ڕۆژنامەی (السياسة، الأنباء، الرأي)ی کوەیتیی، لەماوەی نێوان (٢٠١٩/١/١ تا ٢٠١٩/١٢/٣١). توێژەر پشتی بە تیۆریی چێوەسازیی (چێوە هەواڵییەکان) بەستوە بۆ دیاریکردنی ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوەکە. هەروەها میتۆدی ڕوپێویی بەکارهێناوە و لەو چێوارچێوەیەشدا پشتی بە ئامرازی شیکاریی ناوەڕۆک بەستوە بۆ بەدەستهێنانی داتای پێویست. لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە: هەرسێ ڕۆژنامەکە بەپلەی یەکەم بایەخیان داوە بە چێوەی (دیاریکراو) لە ڕوماڵکردنی هەواڵەکاندا. ئەوەش هاوتایە لەگەڵ پێدراوەکانی تیۆریی چێوەسازییدا کە ڕۆژنامەکان بەمەبەست ئەو باس و کەیسانە دیاریدەکەن کە لەگەڵ سیاسەت و بەرژەوەندیی خۆیاندا دەگونجێت. جگە لەوەش ڕۆژنامەکان بایەخیان داوە بە چێوەی ململانێ، پاشان هەڕەشەی ئەمنیی، بەرپرسیاریی، ئیدانەکردن و لەکۆتاییشدا چێوەی چارەسەر. هەروەها وەزیرانی بەرگریی و پاشان فەرماندە سەربازییەکان بەدوای یەکدا وەک کاراکتەرە کاریگەرەکان پیشاندراون.

### ٣-کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

کێشەی نێوان ڕوسیای فیدراڵ و کۆماری ئۆکرانیا، بەدیارییکراوییش ڕوبەڕوبونەوەی سەربازیی نێوان ئەو دو وڵاتە کە ڕۆژی ٢٠٢٢/٢/٢٤ دەستیپێکرد، هەر لە سەرەتاوە بوە جێی باسوخواسی ناوەندە سیاسیی و دیپلۆماسیی و میدیاییەکانی جیهان. وەکچۆن، ئەم شەڕە لەبواری سەربازیی و مرۆیی و ژینگەیی و سیاسیی و دیپلۆماسییەوە کاریگەریی زۆری هەبو، بەهەمان شێوەش میدیا وەک ئامرازێکی گرنگی گواستنەوەی زانیارییەکان، بێبەش نەبوە و نابێت لە کاریگەربون و دروستکردنی کاریگەریی. بەپێی جیاوازیی ئایدۆلۆژیا و ستراتیژ و سیاسەتی کارکردن، کەناڵەکانی میدیا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا لە ڕوماڵکردن و وێناکردنی ڕاستییەکانی جەنگەکەدا. بەتایبەت ئەو کەناڵانەی کە خاوەنی متمانە و پێگەی جەماوەریی بەرزن لەنێو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا. ئەوەش وادەکات کە ئاشنابون بە سروشتی ڕوماڵکردنەکان ببێتە پێویستییەکی گرنگ و هەنوکەیی. بە لە ڕوماڵکردنی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیا، ماڵپەری دو کەناڵی ناودار ڕۆڵی گرنگیان گێڕا. ئەوانیش: کەناڵی (ڕوداو) کە ئۆفیسی سەرەکیی لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە و خاوەنی پێگە و جەماوەرێکی زۆرە لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم، هەروەها کەناڵی (BBC Arabic) کە کەناڵێکی دێرینی هەواڵیی جیهانییە و خاوەنی مێژویەکی دەیان ساڵەیە. کێشەی ئەم توێژینەوەیە، ڕوانگە و پێوەرەکانی هەردو ماڵپەرەکەیە بۆ چێوەسازیی هەواڵەکانی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیا، کە بێگومان

ڕەنگدانەوەی سیاسەت و ئامانجەكانیانە. لەو پێناوەشدا، توێژەر پرسیارێكی دەكات: **ئایا چێوە هەواڵییەكانی ڕوماڵكردنی جەنگی ڕوسیا- ئۆكرانیا چین لە هەردو ماڵپەری ڕوداو و (BBC Arabic)دا؟**

پاشان توێژەر بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی و داتای وردتر، هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێكی دیكە بداتەوە:

١- ڕواڵەتی ئەو چێوە هەواڵییانە كامانەن كە هەردو كەناڵی ڕوداو و (BBC Arabic) بۆ جەنگی ڕوسیا- ئۆكرانیا بەكاریان هێناوە؟

٢- ناوەڕۆكی ئەو چێوە هەواڵییانە كامانەن كە هەردو كەناڵ لە ڕوماڵكردنی جەنگەكەدا بەكاریانهێناوە؟

٣- جیاوازییەكانی نێوان هەردو كەناڵ كامانەن لە چێوەسازیی هەواڵەكانی جەنگەكە لەڕوی ڕواڵەت و ناوەڕۆكەوە؟

## بایەخی توێژینەوەكە:

بایەخێكی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە كە لە چێوەسازیی هەواڵەكانی جەنگی ڕوسیا- ئۆكرانیا دەكۆڵێتەوە لەلایەن دو ماڵپەری گرنگ و كاریگەری ئەلیكترۆنییەوە، یەكێكیان بەشی كوردیی ماڵپەری كەناڵی ڕوداوە كە سەربارى ئەوەی كەناڵێكی كوردییە، بەڵام لە ڕوماڵكردندا سنورەكانی كوردستانی بڕیوە و پەلی هاویشتوە بۆ ڕوداو و پەرەسەندنە جیهانییەكان. ئەوی دیكەشیان بەشی عەرەبیی ماڵپەری كەناڵی (BBC)یە كە خاوەنی پاشخانێكی دەوڵەمەندی كاری میدیاییە و لە سەرانسەری جیهاندا پرەنسیپەكانی بون بە ڕێنمای زۆربەی میدیاكاران و كەناڵەكانی ڕاگەیاندن. بایەخی زانستیی و كرداریی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە كە دەرەنجام و ڕاسپاردەكانی یارمەتیدەر دەبن بۆ توێژەران و مەیدیاكاران كە لە توێژینەوە و پیادەكردنی كاری میدیاییدا، لە داهاتودا پشتیان پێ ببەستن.

## ٥-تیۆریی چێوەسازیی هەواڵ (News Framing):

لەڕوی تیۆریی و میتۆدییەوە، ئەم توێژینەوەیە پشتی بە تیۆریی شیكاریی (چێوەسازیی هەواڵ) بەستوە كە یەكێكە لە تیۆرییە گرنگەكان بۆ پێوانەكردنی ناوەڕۆكی نادیاری ڕوماڵكردنە هەواڵییەكانی تایبەت بە پرسێكی دیاریكراو لە ماوەیەكی دیاریكراودا.

زۆربەی توێژینەوەكانی تایبەت بە چێوەسازیی هەواڵ و ڕایگشتی ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە بەركەوتنی وەرگر لەگەڵ چێوە هەواڵییەكاندا دەبێتە مایەی دروستبونی ڕایەكی تایبەت سەبارەت بەو بابەتانەی كە میدیا بەپێی سیاسەت و ستراتیژیی خۆی وێنای وردەكارییەكانی دەكات.(Gross, Brewer:2009). شیكاریی چێوە هەواڵییەكان، چەمكێكی نوێیە كە لێكۆڵینەوە دەكات دەربارەی ڕۆڵی ئامرازە میدیاییەكان لە ناسین (معارف) و ئاراستەكانی وەرگر دەربارەی پرسە جۆراوجۆرەكان.(Entman: 1993). ئامرازەكانی میدیا تەنها لەوەدا سەركەوتو نابن كە جەماوەر

بەوە ئاشنابکەن کە ئەوان چییدەڵێن، بەڵکو لەوەشدا سەرکەوتودەبن کە چۆن بیردەکەنەوە. ئەوەش لەڕێی بەکارهێنانی ئەم چێوە هەواڵییانەوەیە.(علی: ٢٠١١).

<u>سەرهەڵدانی ئەم تیۆرییە:</u> تیۆریی چێوەسازیی هەواڵ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٤، کاتێک کۆمەڵناسی ئەمریکایی (Goffman) توانیی لەڕێی توێژینەوەیەکی چۆنایەتییەوە پەرە بە چەمکی بونیادی کۆمەڵایەتیی و کارلێکی هێمایی بدات کە جەماوەر بەهۆیەوە ئەزمونە جۆراوجۆرەکانیان ڕێکدەخەن. لەبواری توێژینەوەی شیکاریی ناوەڕۆکە میدیاییەکانیشدا توێژەر (Tuchman) یەکەم کەس بوە کە ساڵی ١٩٧٦ ئەم تیۆرییەی بۆ شیکردنەوەی چێوە هەواڵییەکان پراکتیزە کردوە. (مزروع: ٢٠١٣، ٤).

چێوەسازیی هەواڵ، هەڵێنجانی مەبەستداری هەندێک لایەنی ڕوداوێک یاخود هەواڵێکە بەجۆرێک کە زۆرترین سەرنجی کەناڵەکەی دەخرێتەسەر بەپێی سیاسەت و ستراتیژیی تایبەت. بۆ ئەو مەبەستەش، ڕێکارێکی دیاریکراو دەگیرێتەبەر بۆ وەسفکردنی کێشەکە و خستنەڕوی هۆکار و دەرەنجام و چارەسەرییەکانی.(Tiung, safa: 2009). لەو ڕوانگەیەشەوە ئەم توێژینەوەیە پشتی بەم تیۆرییە بەستوە، بەوپێیەی چوارچێوەیەکی تیۆریی گونجاو و لەبارە بۆ ئاشنابون بە چێوە هەواڵییەکانی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیا لە کەناڵەکانی میدیادا.

<u>گریمانەکانی ئەم تیۆرییە:</u> بریتیین لەوەی کە کاریگەریی چێوەسازیی کاتێک ڕودەدات کە نێرەر سەرنج دەخاتە سەر کۆمەڵێک پێودانگی پێشبینیکراو کە وا لە وەرگر دەکات ئەویش هەمان بۆچونی هەبێت.(Harper:2013). هەروەها جیاوازیی لە دەستنیشانکردنی چێوە میدیاییەکاندا دەبێتە مایەی جیاوازیی تێگەیشتن و کاردانەوەی جەماوەر، هەریەکەو بەپێی وابەستەبون و بەرکەوتنی لەگەڵ ئەو ئامرازە میدیاییانەدا کە زانیاریی بڵاودەکەنەوە و کار لەسەر ئاراستەکردنی جەماوەر دەکەن لەبارەی پرسێکی دیاریکراوەوە.

کەواتە جەماوەری وەرگر چاویان لە دەستەبژێری نێرەرە تا ڕێنمایی و ئاراستەیان بکەن. لەسەر ئەو بنەمایەش تیۆریی چێوەسازیی بەتەنها کار لەسەر ئەوە ناکات کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە، بەڵکو کار لەسەر ئەوەش دەکات کە بیری پێدەکەینەوە. بەگوێرەی بۆچونی (Gamson:1992) گریمانەکانی ئەم تیۆرییە لە دو باردا پوخت دەکرێنەوە کە ئەمانەن:

-کەسێک کە بەرکەوتنی دەبێت لەگەڵ چێوە هەواڵییەکانی تایبەت بە پرسێکی دیاریکراو، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو چێوانەوە، بەوەش ئاراستە دەکرێت. ئەمە گریمانەی کاریگەریی ناڕاستەوخۆی چێوەسازیی هەواڵە.

-کاتێک کەسێک بەرکەوتنی دەبیت لەگەڵ چێوە هەواڵییەکانی تایبەت بە پرسێکی دیاریکراو، کاریگەردەبێت بە پێودانگە تایبەتەکانی ئەو چێوەیە و بەو هۆیەشەوە ئاراستە دەکرێت. ئەمەیان کاریگەریی ڕاستەوخۆی چێوە هەواڵییەکانە.(Gonzales: 2013).

## ٦-ڕێکارە میتۆدییەکانی توێژینەوەکە:

٦-١/ میتۆدی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی وەسفیی بەستوە، کە کۆڵینەوەیە لە وردەکارییەکانی دیاردەیەک یان دۆخێک یاخود گروپێک یاخود کۆمەڵە پێشهاتێک، پاشان شیکردنەوە و لێکدانەوەیان بەئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی پێویست. هەروەها توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی بەراوردکاریی بەستوە بۆ زانینی خاڵە جیاواز و لێکچوەکانی نێوان هەردو ماڵپەری ڕوداو (بەشی کوردی) و ماڵپەری (BBC)ی عەرەبیی لە چێوەسازیی هەواڵەکانی تایبەت بە جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیا لەڕوی ڕواڵەت و ناوەڕۆکەوە.

٦-٢/ ئامرازی توێژینەوەکە: بۆ کۆکردنەوەی داتای پێویست، توێژەر پشتی بە فۆرمی ناوەڕۆک شیکاریی بەستوە کە پاش ئامادەکردنی تەوەر و دەستە شیکارییەکانی لەلایەن توێژەرەوە، پیشانی کۆمەڵێک پسپۆری بواری توێژینەوەی میدیایی دراوە بەمەبەستی پێداچونەوە و دەوڵەمەندکردنی، بەجۆرێک کە شیاو بێت بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی چێوە هەواڵییەکانی مشتەی توێژینەوەکە. هەڵسەنگێەرانی فۆرمەکەش پێکهاتون لەم بەڕێزانە: (پ.د. فوئاد عەلی ئەحمەد- زانکۆی سلێمانی، پ. ی. د. ڕێبەر گۆران تاڵەبانی- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، پ. ی. د. شیرکۆ جبار محمد- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، م. د. یادگار علی محمد- زانکۆی گەرمیان).

٦-٣/ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: پێکهاتوە لە هەردو ماڵپەری ڕوداو (بەشی کوردی) و (BBC)ی عەرەبیی، وەکو دو ماڵپەری ناودار و کاریگەر. یەکەمیان بۆ وەرگری کوردیی زمان، دوەمیان وەکو ماڵپەرێکی جیهانیی کە پەیامەکانی ئاراستەی وەرگری عەرەبیی زمان دەکرێت.

٦-٤/ مشتەی توێژینەوەکە: پێکهاتوە لە مشتەیەکی هەرەمەکیی مەبەستدار کە بریتییە لە بابەتە هەواڵییەکانی تایبەت بە جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیا لە هەردو ماڵپەرەکە، لەماوەی هەفتەی یەکەمی جەنگەکەدا، واتە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/٢٤) تا (٢٠٢٢/٣/٢). کۆی مشتەکەش پێکهاتوە لە (١٨٣) بابەتی هەواڵیی هەردو ماڵپەر: ماڵپەری ڕوداو (٩٧) هەواڵ، ماڵپەری (BBC)ی عەرەبیی (٨٦) هەواڵ.

٦-٥/ دەستە شیکارییەکان: وەک لە فۆرمی شیکارییەکەدا هاتون، دەستە شیکارییەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

-یەکەم/ چێوە هەواڵییەکان لەڕوی ڕواڵەتەوە: ١-جۆری هەواڵەکان: (هەواڵ، ڕاپۆرت، شیکاریی، بەرنامەی تەلەفزیۆنیی، ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنیی، ئینفۆگرافیک، وێنەهەواڵ). ٢-سەرچاوەی هەواڵەکان: (ژوری هەواڵ، میدیای ڕوسیایی، میدیای ئۆکرانیی، ئاژانسەکان، نێردراوی تایبەت، سۆشیال میدیا، میوان/لێدوان). ٣-ئاراستەی ڕوماڵکردنەکان: (بێلایەنانە، لایەنگرانە، هاوسەنگ). ٤-وێنەی بەکارهاتو: (وێنەی کەسیی، وێنەی ڕوداوەکان، وێنەی ئەرشیفیی، وێنەی لێکدراو، کاریکاتێر). ٥-تەکنیکی گەڕانەوە بۆ باکگراوند: (دانانی هایپەرلینک، دانانی وشەکلیل، کلاسیکیی، هاوپێچ). ٦-بواری کارلێکیی وەرگر: (لەناو ماڵپەردا، لەڕێی پەیجەکانەوە، هیچیان).

-دوەم/ دەستەکانی شیکارکردنی ناوەڕۆک: ١-لەڕوی وێناکردنەوە: (ململانێ، بەرپرسیارێتیی، لایەنی مرۆیی، کاردانەوەکان، لێکەوتەکان). ٢-جۆری سەرنجڕاکێشان: (لۆژیکییانە، هاوسۆزانە، هەردوکیان). ٣-چێوەکانی بەرپرسیارێتیی: (روسیا، ئۆکرانیا، هەردولا، ئەمریکا، ئەوروپا، ئەنجومەنی ئاساییش، چین، وڵاتانی دیکە). ٤-چێوەی کاردانەوە دەرەکییەکان: (چالاکیی مەدەنیی، سیاسیی و دیپلۆماسیی، هەڵوێستی سیاسیی، ئابوریی، وەرزشیی). ٥-چێوەی لێکەوتەکانی جەنگەکە: (پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ، داڕوخانی ئابوریی، وێرانکاریی، زیانی ژینگەیی، کارەساتی مرۆیی، گرفتی خزمەتگوزاریی تەندروستیی). ٦-کاراکتەرە سەرەکییەکان: (سەرۆک و سەرانی ڕوسیا، سەرۆک و سەرانی ئۆکرانیا، سەرانی ئەوروپا، سەرۆک و سەرانی ئەمریکا، سەرۆک و سەرانی وڵاتانی دیکە، خەڵکی ڕوسیا، خەڵکی ئۆکرانیا). ٧-سەرنجدان لەسەر وردەکاریی جەنگەکە: (هۆکارەکانی شەڕ، لێکەوتەکانی، ڕێگەچارەکان). ئامانج لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان: (گەیاندنی زانیاریی، شیکاریی، هۆشداریی، دروستکردنی کاریگەریی).

## ٧-ناساندنی زاراوەکانی توێژینەوەکە:

چێوەسازیی هەواڵ: مەبەست لە گۆشە هەمەجۆرەکانی نیشاندان و وێناکردن و ڕوماڵکردنی وردەکارییەکانی پرسێکی دیاریکراوە لەماوەیەکی دیاریکراودا لەلایەن کەناڵێکی میدیاییەوە. هەر کەناڵێکی میدیایی بەپێی ستراتیژ و سیاسەتی تایبەت بەخۆی، وردەکاریی ڕوداوەکان لە چەند گۆشەیەکی تایبەت و جیاوازەوە دەخاتەڕو، هەریەک لەو گۆشانە پێی دەوترێت چێوە.

جەنگی ئۆکرانیا- ڕوسیا: مەبەست لەو شەڕە سەربازیی- مەیدانییەیە کە بە بەکارهێنانی زۆربەی سەرچاوەکانی هێزی سەربازیی هەردو وڵات لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢٤ دەستیپێکردوەو تا ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەش بەردەوامە. لەوەش زیاتر، بەهۆی ئاڵۆزیی هاوکێشەکانی ململانێکەوە، جەنگەکە تەنیا پەیوەست نییە بەو دو وڵاتەوە، بەڵکو بەشێک لە وڵاتانی دیکەی جیهانیش بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشدار و یاریکەری کاران تێیدا، بەتایبەت ئەمریکا و بریتانیا وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا و چین و تورکیا.

ماڵپەری ئەلیکترۆنیی: بریتییە لە کۆمەڵە پەڕەیەکی وێب کە بەیەکەوە بەستراون و لەسەر سێرڤەرێک جێگیرکراون. پارێزراون و لەڕێی ناسێنەر و بەستەری تایبەتەوە وەرگر دەتوانێت سودیان لێوەربگرێت. ماڵپەری ئەلیکترۆنیی هەڵگر و کۆکەرەوە و بڵاوکەرەوەی هەواڵ و زانیارییەکانە. لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە دو ماڵپەری هەواڵیی ئەلیکترۆنییە کە هەریەکەیان بەشێکن لە دەزگایەکی میدیایی و ئەرکیان بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکانە بەهەمان ناوی دەزگاکەیانەوە، ئەوانیش پێکهاتون لە ماڵپەری (ڕوداو)ی تۆڕی میدیایی ڕوداو، لەگەڵ ماڵپەری (BBC)ی دەستەی وەشانی بەریتانیی.

## ٨-پراکتیکنامەی توێژینەوەکە:

### تەوەری یەکەم/ ئەنجامی شیکاریی مشتەی توێژینەوەکە لەڕوی ڕواڵەتەوە:

خشتەی (١): چیۆەی جۆری هەواڵەکان لە ڕومالّی هەردو مالّپەردا ڕوندەکاتەوە

| بژاردەکان / ماڵپەر | ڕوداو/ کوردی | | BBC Arabic | |
|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ |
| هەواڵ | ٦١ | **٦٢،٨٨** | ٢ | ٢،٣٢ |
| راپۆرت | ٢٤ | ٢٤،٧٤ | ٥٨ | ٦٧،٤٤ |
| شیکاریی | ٧ | ٧،٢١ | ١٢ | ١٣،٩٥ |
| بەرنامەی تەلەفزیۆنیی | ٠ | ٠،٠ | ٤ | ٤،٥٦ |
| ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنیی | ٥ | ٥،١٥ | ٤ | ٤،٦٥ |
| ئینفۆگرافیک | ٠ | ٠،٠ | ٢ | ٢،٣٢ |
| وێنەهەواڵ | ٠ | ٠،٠ | ٤ | ٤،٦٥ |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ٩٩،٩٨ | ٨٦ | ٩٩،٩٨ |

وەک لە داتاکانی خشتەی (١)دا دەردەکەوێت، کەناڵی ڕوداو لە چیۆەی هەواڵی ئاساییدا زۆرترین بایەخی بە ڕومالّکردنی جەنگەکە داوە بە ڕێژەی (٦٢،٨٨٪)ی کۆی بابەتە هەواڵییەکانی لەماوەی هەفتەی یەکەمی جەنگەکەدا. ئەمەش پێچەوانەی کەناڵی (BBC Arabic)ە کە زۆرترین بایەخی بە ڕاپۆرت داوە وەک چیۆەیەک بۆ ڕومالّکردنی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیا بە ڕێژەی (٦٧،٤٤٪). پاشان ڕاپۆرت لە پلەی دوەم بە ڕێژەی (٢٤،٧٤٪) و شیکاریی لە پلەی سێیەم بە ڕێژەی (٧،١٢٪) و ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنیی بە ڕێژەی (٥،١٥٪) لە پلەی چوارەمی چیۆە هەواڵییەکانی (ڕوداو) بەدوای یەکدا دێن بەپێی ڕیزبەندیی. هەرچی ماڵپەرە بریتانییە عەرەبییەکەشە، لە پلەی دوەمدا بایەخی بە شیکاریی داوە بە ڕێژەی (١٣،٩٥٪)، بەدوای ئەویشدا بەرنامەی تەلەفزیۆنیی و ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنیی و وێنەهەواڵ هاتون کە پێکەوە بەشێوەیەکی یەکسان پلەی سێیەمیان گرتوە بە ڕێژەی (٤،٦٥٪). هەرچی پلەی چوارەمیشە ئینفۆگرافیک و هەواڵ پێکەوە گرتویانە بە ڕێژەی (٢،٣٢٪) بۆ هەریەکێکیان. ئەو داتایانە ڕونیدەکەنەوە کە جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لەنێوان هەردو ماڵپەرەکەدا لەڕوی بایەخدان بە چیۆەی جۆری هەواڵەکانیانەوە. ماڵپەری ڕوداو زۆرترین زانیاریی جەنگەکەی لە شیوەی هەواڵی ئاساییدا بلاوکردوەتەوە، بەلام کەناڵی (BBC Arabic) بەپێچەوانەوە زۆرترین زانیاریی لە چیۆەی جۆری ڕاپۆرتدا ڕومالّکردوە. ماڵپەری کەناڵە کوردییەکە هیچ بایەخێکی بە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان نەداوە، لانیکەم ئەو بەرنامە گفتوگۆییانەی لە ماڵپەرەکە بلاونەکردوەتەوە کە دەربارەی جەنگەکە لە شاشەی تەلەفزیۆنی ڕوداوەوە پێشکەشکراون. هەروەها وێنەهەواڵ و ئینفۆگرافیکی پشتگوێخستوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە ماڵپەری کەناڵە عەرەبییەکە هیچکام لە بژاردەکانی پشتگوێ نەخستوە، کەم تا زۆر بایەخی بە هەمویان داوە.

خشتەی (٢): چێوەی تایبەت بە سەرچاوەی هەواڵەکان لە هەردو ماڵپەڕدا ڕوندەکاتەوە

| ماڵپەڕ / بژاردەکان | ڕوداو/ کوردی | | BBC Arabic | |
|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ |
| ژوری هەواڵ | ٩ | ٩،٢٧ | ٧ | ٨،١٣ |
| پەیامنێر/ نێردراوی تایبەت | ٣ | ٣،٠٩ | ٨ | ٩.٣٠ |
| میدیای ڕوسیا | ٠ | ٠.٠ | ٠ | ٠،٠ |
| میدیای ئۆکرانیا | ٠ | ٠،٠ | ٠ | ٠،٠ |
| سۆشیال میدیا | ١٨ | ١٨،٥٥ | ٠ | ٠،٠ |
| میوان/ لێدوان | ٠ | ٠،٠ | ٥ | ٥،٨١ |
| ئاژانسەکان | ٦٧ | ٦٩،٠٧ | ٥٨ | ٦٧،٤٤ |
| ڕۆژنامەکان | ٠ | ٠،٠ | ٨ | ٩،٣٠ |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ٩٩،٩٨ | ٨٦ | ٩٩.٩٨ |

پەیوەست بە سەرچاوەی هەواڵی هەردو ماڵپەرەکە لە ڕومالکردنی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیا، وەک لە خشتەی (٢)دا هاتوە، هەردو ماڵپەرەکە لەوەدا چونیەکن کە بەپلەی یەکەم و ڕێژەیەکی بەرز پشتیان بە ئاژانسە جیهانییەکان بەستوە. ماڵپەرە کوردییەکە بە ڕێژەی (٦٩،٠٧٪) و ماڵپەرە عەرەبییەکەش بە ڕێژەی (٦٧،٨١٪). سەبارەت بە پلەی دوەمی ڕیزبەندیی سەرچاوەی هەواڵەکانیش، جیاوازیی هەیە لە هەردو ماڵپەرەکەدا. ماڵپەری ڕوداو لە پلەی دوەمدا بە ڕێژەی (١٨،٥٥٪)ی کۆی هەواڵەکانی لەماوەی هەفتەی یەکەمی جەنگەکەدا پشتی بە سۆشیال میدیا بەستوە و وەکو سەرچاوە بەکاریهێناوە، کە ئەوانەش بریتیین لە هەژماری تایبەتی کەسایەتیی و لێپرسراوانی پەیوەندیدار بە جەنگەکە و لێکەوتەکانی. بەڵام ماڵپەری (BBC Arabic) لە هیچ هەواڵێکیدا پشتی بەمجۆرە سەرچاوانە نەبەستوە، یاخود ئاماژەی پێنەداون. ماڵپەرە عەرەبییەکە لە پلەی دوەمی ڕیزبەندیی سەرچاوەی هەواڵەکانیدا بەشێوەیەکی یەکسان پشتی بە دو بژاردە بەستوە، (پەیامنێر/ نێردراوی تایبەت) و (ڕۆژنامەکان) کە ڕێژەی هەریەکێکیان دەکاتە (٩،٣٠٪)ی سەرچاوەی کۆی هەواڵەکانی لە ماوەی دیاریکراودا. ئەمە لەکاتێکدایە کە بژاردەی (ژوری هەواڵ) لە ماڵپەرە کوردییەکەدا پلەی سێیەمی گرتوە و بە ڕێژەی (٩،٢٧٪)ی هەواڵەکانی لەلایەن ژوری هەواڵ و هەواڵسازانی ناو ماڵپەرەکە (یاخود کەناڵەکە)وە ئامادەکراون، بەڵام ماڵپەری (BBC Arabic) ڕێژەی (٨،١٣٪)ی هەواڵەکانی لەلایەن ژوری هەواڵەوە ئامادەکراون و ئەم بژاردەیە لەپلەی سێیەمدایە. خاڵی هاوبەشی هەردو ماڵپەرەکە لەم خشتەیەدا ئەوەیە کە هیچکامیان پشتیان بە بژرادەکانی (میدیای ڕوسیایی) و (میدیای ئۆکرانیی) نەبەستوە وەکو سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاریی، لەکاتێکدا میدیای ئەو دو وڵاتە نزیکترین لایەنی میدیایی و سەرچاوەی هەواڵیی پەیوەندیدارن بە جەنگەکەوە.

خشتەی (٣): چێوەی ئاراستەی هەواڵەکان لە هەردو ماڵپەردا ڕوندەکاتەوە

| ماڵپەر / بژاردەکان | ڕوداو / کوردی | | BBC Arabic | |
|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ |
| بێلایەنانە | ٧٩ | ٨١،٤٤ | ٣٣ | ٣٨،٣٧ |
| لایەنگرانە | ٣ | ٣،٠٩ | ٣٦ | ٤١،٨٦ |
| هاوسەنگ | ١٥ | ١٥،٤٦ | ١٧ | ١٩،٧٦ |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ٩٩،٩٩ | ٨٦ | ٩٩،٩٩ |

داتاکانی خشتەی (٣) کە تایبەتن بە چێوەی ئاراستەی ڕوماڵە هاواڵییەکانی هەردو ماڵپەر دەربارەی جەنگی ڕوسیا-ئۆکرانیا، دەرخەری ئەوەن کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوانیاندا. زۆرینەی هەواڵەکانی ماڵپەری ڕوداو بە ڕێژەی (٨١،٤٤٪) بێلایەنانە پێشکەشی وەرگر کراون. بەڵام ڕێژەی (٤١،٨٦٪)ی هەواڵەکانی ماڵپەری (BBC Arabic) بەپلەی یەکەم لایەندارییان پێوەدیارە بەئاراستەی هاوسۆزیی بۆ ئۆکرانیا و خەڵکی ئەو وڵاتە. ماڵپەری کەناڵە کوردییەکە لە پلەی سێیەم و کۆتاییدا و بە ڕێژەیەکی ئێکجار کەم ئاراستەیەکی لایەنگرانەی نیشانداوە لە بەرژەوەندیی ئۆکرانیا و خەڵکەکەی کە دەکاتە (٣،٠٩٪)، ئەمە لەکاتێکدایە کە لەپلەی دوەمدا و بە ڕێژەی (١٥،٤٦٪)ی کۆی هەواڵەکانی لەماوەی دیاریکراوی مشتەی ئەم توێژینەوەیەدا توانیویەتی ئاراستەیەکی هاوسەنگ نیشانبدات لە ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی جەنگەکەدا. هەرچی ماڵپەرە عەرەبییەکەیە، بەپلەی دوەمی کۆی هەواڵەکانی لەماوەی دیاریکراودا، توانیویەتی بێلایەنانە ڕوماڵ بکات بە ڕێژەی (٣٨،٣٧٪).

خشتەی (٤): چێوەی وێنەی بەکارهاتو لە هەردو ماڵپەردا ڕوندەکاتەوە

| ماڵپەر / بژاردەکان | ڕوداو / کوردی | | BBC Arabic | |
|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ |
| وێنەی کەسیی | ٤٣ | ٤٤،٣٢ | ٣٢ | ٣٧،٢٠ |
| وێنەی ڕوداوەکان | ٣٥ | ٣٦،٠٨ | ٢٣ | ٢٦،٧٤ |
| ئەرشیف | ٧ | ٧،٢١ | ١٩ | ٢٢،٠٩ |
| وێنەی لێکدراو | ١٢ | ١٢،٣٧ | ١٢ | ١٣،٩٥ |
| ئینفۆگرافیک | ٠ | ٠،٠ | ٠ | ٠،٠ |
| کاریکاتێر | ٠ | ٠،٠ | ٠ | ٠،٠ |
| کۆی گشتی | | ٩٩،٩٨ | ٨٦ | ٩٩،٩٨ |

سەبارەت بە چێوەی وێنەی بەکارهاتو لە هەردو ماڵپەردا، داتاکانی خشتەی (٤) نیشانیدەدەن کە هەردو ماڵپەر زۆرترین وێنەی کەسییان هاوشانی هەواڵ و ڕاپۆرتەکانیان بەکارهێناوە. ڕێژەی (٤٤،٣٢٪)ی وێنەکانی ماڵپەری ڕوداو و (٣٧،٢٠٪)ی وێنەکانی ماڵپەری (BBC Arabic) وێنەی تاکەکەسیی ئەو کاراکتەرانەن کە سەرچاوەی لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکانن. وێنەی ڕوداو و دیمەنەکانی شەڕ و لێکەوتەکانیش، لە هەردو ماڵپەردا پلەی دوەمی ڕیزبەندیی وێنە بەکارهاتوەکانیان گرتوە، ڕێژەکە لە ڕوداودا گەیشتوەتە (٣٦،٠٨٪) و لە ماڵپەری (BBC Arabic)دا

گەیشتوەتە (٢٦،٧٤٪). سەبارەت بە پلەی سێیەمی چێوەی وێنەکان، هەردو ماڵپەر جیاوازییان هەیە. وێنە ئەرشیفییەکان لە ماڵپەری (BBC Arabic)دا لە پلەی سێیەمدان بە ڕێژەی (٢٢،٠٩٪)، بەڵام لە ماڵپەری ڕوداودا وێنەی لێکدراوی کەسایەتی و ڕوداوەکان لە پلەی سێیەمدا هاتون بە ڕێژەی (١٢،٣٧٪)ی کۆی وێنەکانی ماڵپەرەکە لەماوەی دیاریکراودا. خاڵی نەرێنیی و هاوبەشی نێوان هەردو ماڵپەرەکە لە دو بژاردەدا خۆی دەبینێتەوە کە بریتین لە (ئینفۆگرافیک) و (کاریکاتێر). وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، هیچکام لە دو ماڵپەرەکە لە ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیادا پشتیان بەو دو چێوەیە نەبەستوە.

خشتەی (٥): چێوەی تەکنیکی گەڕانەوە بۆ باکگراوندی زانیارییەکان ڕوندەکاتەوە

| ماڵپەر / بژاردەکان | ڕوداو / کوردی | | BBC Arabic | |
|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ |
| دانانی هایپەرلینک | ٠ | ٠،٠ | ١ | ١،١٦ |
| وشەکلیل | ٠ | ٠،٠ | ٠ | ٠،٠ |
| کلاسیکیی | ٨٩ | ٩١،٧٥ | ٧٩ | ٩١،٨٦ |
| هاوپێچ | ٨ | ٨،٢٤ | ٦ | ٦،٩٧ |
| کۆی گشتی | | ٩٩،٩٩ | ٨٦ | ٩٩،٩٩ |

ئەو داتایانەی لە خشتەی (٥)دا هاتون، ڕونیدەکەنەوە کە هیچکام لە دو ماڵپەرەکە سودیان لە تەکنیکە کاریگەرەکانی میدیای ئەلیکترۆنی وەرنەگرتوە لە ئاراستەکردنی وەرگر بۆ باکگراوندی هەواڵ و زانیارییە پەیوەندیدارەکان. ئەگەرچی یەکێک لە تایبەتمەندییە دیار و کاریگەرەکانی میدیای ئەلیکترۆنیی ئەوەیە کە لەڕێی هایپەرلینک و وشە کلیلەکانەوە، وەرگر ئاراستە دەکەن بەرەو وەرگرتنی زانیاریی زۆرتر لە پەڕەی سەربەخۆی دیکەدا، بەڵام دو ماڵپەرەکە هەواڵەکانیان لە چێوەیەکی کلاسیکییدا خستوەتە بەردەستی وەرگر، بەجۆرێک کە ماڵپەری ڕوداو (٩١،٧٥٪) و ماڵپەری (BBC Arabic) ڕێژەی (٩١،٨٦٪)ی هەواڵەکانیان وەکو تێکستی جێگیر هاوشێوەی ڕۆژنامەی کاغەزیی بەردەست خستوە. ئەم کەموکوڕییە تەکنیکییە، تەنها لە هەواڵەکانی تایبەت بە جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیادا لە هەردو ماڵپەرەکەدا بەدیدەکرێت. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەبێت کە هەواڵ و زانیارییەکان خێرا و زۆر بون و هەردو ماڵپەر سەرنجی زیاتریان لەسەر خێرایی بڵاوکردنەوە بوبێت، نەک لایەنی تەکنیکیی. هەروەها هەردو ماڵپەر بە ڕێژەیەکی کەم بایەخیان داوە بە دانانەوە/هاوپێچکردنی هەواڵ و ڕاپۆرتە تەلەفزیۆنییە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ هەواڵی بەردەستدا.

خشتەی (٦): چیۆەی بواری کارلێکی وەرگر لەگەڵ هەواڵەکاندا ڕوندەکاتەوە

| ماڵپەر / بژاردەکان | ڕوداو/ کوردی | | BBC Arabic | |
|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ |
| لەناو ماڵپەردا | ٧٦ | ٧٨،٣٥ | ٠ | ٠،٠ |
| لەڕێی پەیجەکانی ماڵپەرەکەوە | ٢١ | ٢١،٦٤ | ٠ | ٠،٠ |
| هیچیان | ٠ | ٠،٠ | ٨٦ | ١٠٠ |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ٩٩،٩٩ | ٨٦ | ١٠٠ |

خشتەی (٦) نیشانیدەدات کە ماڵپەری ڕوداو بایەخی زۆری داوە بە کارلێکی وەرگر لەگەڵ ناوەڕۆکی هەواڵەکانیدا. بۆ ئەو مەبەستە ڕێژەی (٧٨،٣٥٪)ی هەواڵەکانی تایبەت بە جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیای بەجۆرێک داناوە کە وەرگر ڕاستەوخۆ بتوانێت کارلێک و کاردانەوەی خۆی نیشان بدات لەڕێی کۆمێنت و بەشکردن و کاردانەوە ئیمۆجییەکانەوە. بەڵام کەناڵی (BBC Arabic) بایەخی بەم بوارە نەداوە و هیچکام لە هەواڵەکانی بەو جۆرە بەردەست نەکردوە کە وەرگر دەرفەتی کارلێکی ڕاستەوخۆی هەبێت لەگەڵیاندا. ماڵپەری (BBC Arabic) تەواوی هەواڵەکانی وا داناوە کە هیچکام لە بژاردەکانی کارلێکردنی (لەناو ماڵپەر) و (لەڕێی پەیجەکانی سۆسیال میدیاوە) بۆ وەرگر نەڕەخساندوە. ئەمە نیشانیدەدات کە ماڵپەرە کوردییەکە بەلەبەرچاوگرتنی بایەخ و کاریگەریی سۆشیال میدیا چیۆەسازیی تەکنیکیی بۆ هەواڵەکانی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیا کردوە، بەڵام ماڵپەرە عەرەبییەکە بە ڕێژەی (١٠٠٪) ئەم بوارەی پشتگوێخستوە.

## دوەم/ ئەنجامی شیکاریی مشتەی توێژینەوەکە لەڕوی ناوەڕۆکەوە:

خشتەی (٧): چیۆەی سەرنجراکێشان لە خستنەڕوی هەواڵەکاندا ڕوندەکاتەوە

| ماڵپەر / بژاردەکان | ڕوداو/ کوردی | | BBC Arabic | |
|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ |
| لۆژیکییانە | ٧٤ | ٧٦،٢٨ | ٣٣ | ٣٨،٣٧ |
| هاوسۆزانە | ١٩ | ١٩،٥٨ | ٣٦ | ٤١،٨٦ |
| هەردوکیان | ٤ | ٤،١٢ | ١٧ | ١٩،٧٦ |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ٩٩،٩٨ | ٨٦ | ٩٩،٩٩ |

خشتەی (٧) ئەو داتایانە نیشاندەدات کە تایبەتن بە چیۆەسازیی سەرنجراکێشانی وەرگر بۆ دۆخی جەنگەکە. لەمروەوە ماڵپەری ڕوداو بەشیوەیەکی بابەتییانە و لە چیۆەیەکی لۆژیکییانەدا زۆرترین هەواڵی شەرەکەی بڵاوکردوەتەوە و خۆی پاراستوە لە هەر هەوڵێکی دروستکردنی کاریگەریی و ڕاکێشانی سۆزی وەرگر. وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، ڕوداو لە (٧٦،٢٨٪)ی هەواڵەکانی هەفتەی یەکەمی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیادا هەوڵیداوە تەنها ڕاستی و زانیارییەکان بگوازێتەوە و، بڕیاردان و لێکدانەوەی بۆ وەرگر بەجێهێشتوە. لە بەرامبەردا ماڵپەری

(BBC Arabic) لەڕێی بەکارهێنانی چەندین چەمکی جیاوازی وەک (داگیرکاریی، لەشکرکێشیی، تاوانکاریی، پێشێلکاریی)یەوە بەڕێژەی (٤١،٨٦٪)ی کۆی هەواڵەکانی هەفتەی یەکەمی جەنگەکە، هەوڵیداوە سۆزی وەرگر ڕابکێشێت بەئاراستەی پشتیوانییکردنی ئۆکرانییەکان و سەرکۆنەکردنی ڕوسیا. هەروەها ئەو هەواڵانەشی کە هیچکام لەو دەستەواژانەی تێدا بەکارنەهێناوە و بەشێوەیەکی لۆژیکییانە ڕومالّی کردوە، ڕێژەکەیان دەکاتە (٣٨،٣٧٪) و لەپلەی دوەمدا هاتون. بەڵام ئەم ڕێژەیە لە هەواڵەکانی ڕوداودا کەمترە و ماڵپەڕەکە کەمتر و بە ڕێژەی (١٩،٥٨٪) دەستەواژەی هاوسۆزانەی بەکارهێناوە. بەکارهێنانی هەردو ئاماژەی (لۆژیکییانە و هاوسۆزانە)ش پێکەوە لە هەردو ماڵپەڕەکەدا پلەی سێیەمی گرتوە. لە ڕوداودا ڕێژەکە کەمترە و یەکسانە بە (٤،١٢٪)، بەڵام لە ماڵپەڕی (BBC Arabic)دا یەکسانە بە (١٩،٧٦٪). ئەو داتایانە پشتڕاستی وردەکارییەکانی خشتەی (٣) دەکەنەوە کە وای نیشانداوە، ماڵپەڕی ڕوداو زیاتر بێلایەنانە چێوەسازیی بۆ هەواڵەکانی جەنگەکە کردوە، لە بەرامبەردا ماڵپەڕی (BBC Arabic) نەیتوانیوە خۆی لە لایەنداریی بۆ ئۆکرانییەکان، بپارێزێت.

خشتەی (٨): چێوە هەواڵییەکانی هەردو ماڵپەڕ لەڕوی وێناکردنەوە ڕوندەکاتەوە

| ماڵپەڕ / بژاردەکان | ڕوداو / کوردی | | BBC Arabic | |
|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ |
| ململانێ | ٨ | ٨،٢٤ | ١٤ | ١٦،٢٧ |
| بەرپرسیارێتیی | ٤ | ٤،١٢ | ٢٩ | ٣٣،٧٢ |
| مرۆیی | ١٢ | ١٢،٣٧ | ٤ | ٤،٦٥ |
| کاردانەوە | ٤٩ | ٥٠،٥١ | ١٧ | ١٩،٧٦ |
| لێکەوتەکان | ٢٤ | ٢٤،٧٤ | ٢٢ | ٢٥،٥٨ |
| کۆی گشتی | | ٩٩،٨٩ | ٨٦ | ٩٩،٩٨ |

وەک لە خشتەی (٨)دا دەردەکەوێت هەردو ماڵپەڕ بە ڕێژەی جیاجیا بایەخیان داوە بە وێناکردنی وردەکارییەکانی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیا. ماڵپەڕی ڕوداو بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی (٥٠،٥١٪) لە چێوەی کاردانەوە دەرەکییەکانی وڵاتاندا وێنای جەنگەکەی کردوە. بەڵام ماڵپەڕی (BBC Arabic) زۆرترین بایەخی داوە بە چێوەی بەرپرسیارێتیی لە وێناکردنی جەنگەکەدا کە ڕێژەکەی یەکسانە بە (٣٣،٧٢٪) و زۆرترین سەرنجی لەسەر ئەوە بوە کە بەجۆرێک وێنای جەنگەکە بکات بەرپرسیارێتییەکە لە ئەستۆی ڕوسیادایە. بژاردەی دوەم لای ماڵپەرە کوردییەکە ئەوەیە کە بە ڕێژەی (٢٤،٥١٪)ی کۆی هەواڵەکانی لەو ماوە دیاریکراوەدا لە چێوەی نیشاندانی لێکەوتە جۆراوجۆرەکانی جەنگەکەدا وێناکردوە. ماڵپەرە عەرەبییەکەش هاوشێوەی ڕوداو، لەپلەی دوەمدا بایەخی بەم چێوەی وێناکردنە داوە کە دەکاتە (٢٥،٧٦٪) و تارادەیەک هەردو ڕێژەکەش نزیکن لەیەکەوە. ڕوداو لە پلەی سێیەمدا وێنای جەنگەکەی لە چێوەی مرۆییدا نیشانداوە بە ڕێژەی (١٢،٣٧٪)، بەڵام چێوەی کاردانەوەکان پلەی سێیەمی وێناکردنەکەی لە ماڵپەڕی

(BBC Arabic)دا گرتوە. کەمترین سەرنجی ماڵپەری ڕوداو لەسەر چێوەی بەرپرسیاریتی بوە بە ڕێژەی (٤،١٢٪)، بەڵام کەمترین بایەخی (BBC Arabic) بۆ چێوەی مرۆیی بوە بە ڕێژەی (٤،٦٥٪).

خشتەی (٩): چێوەکانی تایبەت بە لایەنی بەرپرسیارێتیی ڕوندەکاتەوە

| ماڵپەر / بژاردەکان | ڕوداو/ کوردی | | BBC Arabic | |
|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ |
| ڕوسیا | ٢ | ٥٠ | ٢١ | ٧٢،٤١ |
| ئۆکرانیا | ٠ | ٠،٠ | ٠ | ٠،٠ |
| ڕوسیا و ئۆکرانیا | ٢ | ٥٠ | ٣ | ١٠،٣٤ |
| ئەوروپا | ٠ | ٠،٠ | ٥ | ١٧،٢٤ |
| ئەمریکا | ٠ | ٠،٠ | ٠ | ٠،٠ |
| ئەنجومەنی ئاسایش | ٠ | ٠،٠ | ٠ | ٠،٠ |
| وڵاتانی دیکە | ٠ | ٠،٠ | ٠ | ٠،٠ |
| کۆی گشتی | ٤ | ١٠٠ | ٢٩ | ٩٩،٩٩ |

خشتەی (٩) وردەکاریی چێوەکانی تایبەت بە بەرپرسیارێتیی دەخاتەڕو کە وەک بژاردەیەکی وێناکردنی جەنگەکە لە خشتەی (٨)دا هاتوە. ڕوداو کەمترین بایەخی بەم چێوەیە داوە و لەوەشدا بە ڕێژەی (٥٠٪) ڕوسیای وەک بەرپرسیاری جەنگەکە وێناکردوە. هەرچی ماڵپەری (BBC Arabic)ە کە زۆرترین هەواڵی لە چێوەی وێناکردنی لایەنی بەرپرسیاردا ڕوماڵکردوە، بەپلەی یەکەم و ڕێژەیەکی زۆر (٧٢،٤١٪) ڕوسیای خستوەتە ئەو چێوەیەوە. لەپلەی دوەمدا ئەوروپا بە ڕێژەی (١٧،٢٤٪) و لەپلەی سێیەمیشدا ڕوسیا و ئۆکرانیا پێکەوە بە ڕێژەی (١٠،٣٤٪). هیچکام لە دو کەناڵەکە، ئەمریکا و ئەنجومەنی ئاسایش، وڵاتانی دیکەیان لە چێوەی بەرپرسیارێتییدا وێنا نەکردوە.

خشتەی (١٠): چێوەی کاردانەوە دەرەکییەکان لە هەردو ماڵپەردا ڕوندەکاتەوە

| ماڵپەر / بژاردەکان | ڕوداو/ کوردی | | BBC Arabic | |
|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ |
| چالاکیی مەدەنیی | ٠ | ٠،٠ | ٠ | ٠،٠ |
| سیاسیی و دیپلۆماسیی | ٢٧ | ٥٥،١٠ | ٧ | ٣١.٨١ |
| وەرزشیی | ٢ | ٤،٠٨ | ٤ | ١٨،١٨ |
| ئابوریی | ٢٠ | ٤٠،٨١ | ١١ | ٥٠،٠٠ |
| کۆی گشتی | ٤٩ | ٩٩،٩٩ | ٢٢ | ٩٩،٩٩ |

سەبارەت بە چێوەی کاردانەوە دەرەکییەکان وەک بەشێک لە وێناکردنی جەنگی نێوان ڕوسیا- ئۆکرانیا، داتاکانی خشتەی (١٠) نیشانیدەدەن کە ماڵپەری ڕوداو زۆرترین سەرنجی لەسەر کاردانەوە سیاسیی و دیپلۆماسییەکانی وڵاتان بوە دەربارەی جەنگەکە بە ڕێژەی (٥٥،١٠٪)، لەوانە: لێدوانی کەسایەتییە سیاسیی و دیپلۆماسییەکان و

هەڵوێستەکانیان وەک کاردانەوە لەبواری پەیوەندیی و ڕێکاری نوێی دیپلۆماسیی و سیاسییدا. بەڵام ماڵپەری ( BBC Arabic) زۆرترین سەرنجی لەسەر لێکەوتە ئابورییەکان بوە، وەک شڵەژانی بازاڕی ئابوریی ئۆکرانیا و ڕوسیا، بۆرسەی جیهانیی، نرخی دراوەکان، نرخی نەوت و ئەگەری سەرهەڵدانی قەیرانی گازی سروشتیی لە ئەوروپا، مامەڵەی بازرگانیی وڵاتان لەگەڵ ڕوسیادا. ئەمە ڕێژەی (٥٠٪)ی کۆی ئەو هەواڵانەی ماڵپەرەکە پێکدەهێنێت کە سەرنجیان داوەتە سەر کاردانەوە دەرەکییەکان. هەروەها هەردو ماڵپەر سزای سەر چالاکیی و پاڵەوانێتییە وەرزشییەکانیان پشتگوێ نەخستوە کە لەلایەن یەکێتیی تۆپی پێی جیهانیی (Fifa) و ئەوروپا (Uefa)وە خراونەتە سەر هەڵبژاردە نیشتمانییەکانی ڕوسیا و یانە وەرزشییەکانی. ئەوەی دەمێنێتەوە، چالاکییە مەدەنییەکانە وەک کاردانەوەی دەرەکیی بەرامبەر دۆخی جەنگەکە، کە هیچکام لە دو ماڵپەرەکە بایەخیان پێی نەداوە.

خشتەی (١١): چێوەی لێکەوتەکانی جەنگەکە لە هەواڵەکانی هەردو ماڵپەردا ڕوندەکاتەوە

| ماڵپەر / بژاردەکان | ڕوداو/ کوردی | | BBC Arabic | |
|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ |
| پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ | ٢ | ٨،٣٣ | ١ | ٥،٨٨ |
| زیانی ئابوریی | ٨ | ٣٣،٣٣ | ١٣ | ٧٦،٤٧ |
| وێرانکاریی | ٤ | ١٦،٦٦ | ٢ | ١١،٧٦ |
| ژینگەیی | ٠ | ٠،٠ | ٠ | ٠،٠ |
| تەندروستیی | ٠ | ٠،٠ | ٠ | ٠،٠ |
| کارەساتی مرۆیی | ١٠ | ٤١،٦٦ | ١ | ٥،٨٨ |
| کۆی گشتی | ٢٤ | ٩٩،٩٨ | ١٧ | ٩٩،٩٩ |

لە خشتەی (١١)دا داتاکانی تایبەت بە چێوەی لێکەوتەکانی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیا لە هەردو ماڵپەردا خراونەتەڕو. هەردو ماڵپەر لە پلەبەندیی لێکەوتەکاندا، جیاوازن. ماڵپەری ڕوداو لەکۆی ئەو هەواڵانەی کە تایبەتن بەم چێوەیە، زۆرترین سەرنجی لەسەر کارەساتی مرۆیی بوە بە ڕێژەی (٤١،٦٦٪) کە لەو ڕێگەیەوە بایەخی زۆریداوە بە دیمەنەکانی ئاوارەیی خەڵکی ئۆکرانیا و هەڵاتن لە ئاگری شەڕ بەرەو سنورەکانی وڵاتانی ئەوروپایی دراوسێ. لە پلەی دوەمیشدا بە ڕێژەی (٣٣،٣٣٪) سەرنجی خستوەتە سەر زیانە ئابوریی و بازگانییەکانی شەڕەکە وەک لێکەوتەیەکی کاریگەر لەسەر هەردو لایەنی جەنگەکە و ئەو وڵاتانەش کە کاریگەرن بە لێکەوتەکانی. بەڵام ماڵپەرە عەرەبییەکە زۆرترین بایەخی داوە بە زیانە ئابورییەکانی جەنگەکە وەک لێکەوتەیەکی کاریگەر بە ڕێژەی (٧٦،٤٧٪)ی کۆی ئەو هەواڵانەی کە لە چێوەی لێکەوتەکاندا بڵاویکردونەتەوە. لە پلەی دوەمیشدا سەرنجی لەسەر وێرانکاریی بوە و بە ڕێژەی (١١،٧٦٪) ئەمەی وەک سیاسەت و ڕەفتاری مەبەستدار و دوژمنکارانەی لەشکر و سەربازەکانی ڕوسیا بەرامبەر بە ژێرخانی ئۆکرانیا وێناکردوە. ئەم چێوەیە لە ماڵپەرە کوردییەکەدا پلەی سێیەمی بایەخبەندیی گرتوە بە ڕێژەی (١٦،٦٦٪)، لە پلەی چوارەمیشدا پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ دێت بە ڕێژەی (٨،٣٣٪). ئەمە

لەكاتێكدایە كە لە ماڵپەڕە عەرەبییەكەدا هەمان بژاردە (پێشێلكاریی مافەكانی مرۆڤ) لەگەڵ بژاردەی (كارەساتی مرۆیی)دا پلەی سێیەمی دوبارەیان گرتوە بە ڕێژەی (٥،٨٨٪) بۆ هەریەكێكیان. خاڵی هاوبەشی هەردو ماڵپەڕ لەم چێوەسازییەدا ئەوەیە كە هیچكامیان بایەخیان بە لێكەوتە ژینگەیی و تەندروستییەكانی جەنگەكە نەداوە. ئەوە لەكاتێكدایە كە لە ڕوبەڕوبونەوەی نێوان هەردو وڵاتدا، جۆرەها چەكی كوشندە بەكارهێنراون كە لەئێستا و ئاییندەدا زیان و كارەساتی گەورەی ژینگەییان لێدەكەوێتەوە. بەدەر لەوەش یەكێك لەو سێكتەرانەی كە لەدۆخی شەڕدا دوچاری شڵەژان و تەنگژە دەبێت، بواری خزمەتگوزارییە تەندروستییەكانە.

خشتەی (١٢): چێوەی كاراكتەری سەرەكیی لە هەواڵەكانی هەردو ماڵپەڕدا ڕوندەكاتەوە

| ماڵپەڕ / بژاردەكان | ڕوداو/ كوردی | | BBC arabic | |
|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ |
| لێپرسراوانی ڕوسیا | ٢١ | ٢١،٦٤ | ٢١ | ٢٤،٤١ |
| لێپرسراوانی ئۆكرانیا | ١٩ | ١٩،٥٨ | ٩ | ١٠،٤٦ |
| لێپرسراوانی ئەمریكا | ١٧ | ١٧،٥٢ | ٢ | ٢،٣٢ |
| لێپرسراوانی ئەوروپا | ٢٣ | ٢٣،٧١ | ٣٨ | ٤٤،١٨ |
| لێپرسراوانی وڵاتانی دیكە | ٨ | ٨،٢٤ | ٧ | ٨،١٣ |
| خەڵكی ڕوسیا | ٠ | ٠،٠ | ٠ | ٠،٠ |
| خەڵكی ئۆكراین | ٩ | ٩،٢٧ | ٩ | ١٠،٤٦ |
| كۆی گشتی | ٩٧ | ٩٩،٩٦ | ٨٦ | ٩٩،٩٦ |

وەك لە داتاكانی خشتەی (١٢)دا دەردەكەوێت، هەردو ماڵپەڕەكە بە پلەی یەكەم سەرۆك و سەرۆك وەزیرو وەزیران و بەرپرسانی ئەوروپایان وەك كاراكتەری سەرەكیی لە چێوە هەواڵییەكانیاندا نیشانداوە. ماڵپەڕی ڕوداو بە ڕێژەی (٢٣،٧١٪) و ماڵپەڕی (BBC Arabic) بە ڕێژەی (٤٤،١٨٪). ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەیە كە لێپرسراوانی ئەو وڵاتانە زۆرترین كاردانەوە و هەڵوێست و لێدوانیان هەبوە بەرامبەر جەنگی ڕوسیا- ئۆكرانیا، كە زۆرینەیان سەركۆنەكردنی ڕوسیا و پشتیوانیی و هاوسۆزیی بوە بۆ حكومەت و خەڵكی ئۆكرانیا. لە چێوەسازیی كاراكتەرە سەرەكییەكانی شەڕەكەدا، دیسان هەردو ماڵپەڕەكە لە پلەی دوەمدا زۆرترین جار ناوی لێپرسراوانی ڕوسیایان هێناوە، دیارترینیان سەرۆك و هەردو وەزیری دەرەوە و بەرگریی بون. لە پلەی سێیەمیشدا هەریەكەیان بە ڕێژەی جیاواز، لێپرسراوانی ئۆكرانیایان وەك كاراكتەری سەرەكی وێناكردوە كە دیارترینیان سەرۆكی ئۆكرانیایە. ئەم ڕێژانە وێنایەكی دروستی كاراكتەرەكانی دیمەنی جەنگەكە و كاردانەوەكانی نیشاندەدەن، كاراكتەرەكانی ڕوسیا و ئۆكرانیا وەك دو جەمسەری جەنگی مەیدانیی، لێپرسراوانی ئەوروپاش وەك كاراترین و نزیكترین بەرەی پەیوەندیدار بەو شەڕەی كە كاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەیە لەسەر باری ئابوریی، سیاسیی، دیپلۆماسیی حكومەتەكانیان. ئەوەی جێگەی سەرنجە، ماڵپەڕە عەرەبییەكە لە كەمترین هەواڵدا لێپرسراوانی

ئەمریکای وەک کاراکتەری سەرەکیی وێناکردوە بە ڕێژەی (٢،٣٢٪)ی کۆی هەواڵەکانی لە هەفتەی یەکەمی جەنگەکەدا. بەڵام ماڵپەرە کوردییەکە بەپێچەوانەوە لە (١٧،٥٢٪)ی هەواڵەکانیدا و لە پلەی چوارەمدا سەرانی ئەمریکای وەک کاراکتەری سەرەکیی نیشانداوە. بەدوای ئەوەشدا، خەڵکی ئۆکرانیا لە پلەی پێنجەم و لێپرسراوانی وڵاتانی دیکەی لە پلەی پێنجەمدا نیشانداوە. خاڵێکی هاوبەشی دیکەی نێوان دو ماڵپەرەکە ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەک لە چێوەسازیی هەواڵەکانی هەفتەی یەکەمی جەنگەکەدا نەیانتوانیوە خەڵکی ڕوسیا وەک کاراکتەری سەرەکیی نیشانبدەن.

خشتەی (١٣): چێوەی سەرنجدان لەسەر وردەکاریی جەنگەکە ڕوندەکاتەوە

| ماڵپەر / بژاردەکان | ڕوداو/ کوردی | | BBC Arabic | |
|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ |
| هۆکارەکانی جەنگەکە | ٨ | ٨،٢٤ | ٠ | ٠،٠ |
| دەرەنجام و لێکەوتەکانی جەنگەکە | ٨٢ | ٨٤،٥٣ | ٧٩ | ٩١،٨٦ |
| چارەسەرییەکان | ٧ | ٧،٢١ | ٧ | ٨،١٣ |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ٩٩،٩٨ | ٨٦ | ٩٩،٩٩ |

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی (١٣)، هەردو ماڵپەرەکە زۆرینەی هەواڵ و زانیارییەکانیان دەربارەی دەرەنجام و لێکەوتەکانی جەنگەکە بوە، لەوانە: زانیاریی و ئاماری قوربانییەکان، دیمەنەکانی شەڕ، دۆخی شارەکانی ئۆکرانیا، هەڵاتن و ئاوارەبونی خەڵک، وێرانکاریی، کاردانەوە و هەڵوێستە سیاسیی و ئابوریی و دیپلۆماسییە دەرەکییەکان. ماڵپەری (BBC Arabic) ڕێژەی (٩١،٨٦٪)ی کۆی هەواڵەکانی هەفتەی یەکەمی لەو چێوەیەدا ڕوماڵکردوە. ماڵپەری ڕوداویش بەهەمانشێوە بەپلەی یەکەم و ڕێژەی (٨٤،٥٣٪)ی هەواڵەکانی تایبەتن بە دەرەنجام و لێکەوتەکانی جەنگەکە. سەبارەت بە ئاماژەکردن بۆ باکگراوندی شەرەکە و هۆکارەکانی بەرپابونی، ماڵپەرە کوردییەکە بەپلەی دوەم و ڕێژەی (٨،٢٤٪) هەواڵ و زانیاریی بڵاوکردوەتەوە، بەڵام ماڵپەرە عەرەبییەکە هیچ بایەخێکی بەم چێوەیە نەداوە و تەواوی هەواڵەکانی دیکەی بە ڕێژەی (٨،١٣٪) لە چێوەی چارەسەرییدا بڵاوکردوەتەوە. ئەم چێوەیە لە ماڵپەرە کوردییەکەدا پلەی سێیەمی ڕیزبەندیی گرتوە کە ڕێژەکەی دەکاتە (٧،٢١٪).

خشتەی (١٤): چێوەی ئامانج لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیا

| ماڵپەر / بژاردەکان | ڕوداو/ کوردی | | BBC arabic | |
|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ |
| هەواڵدان | ٨٨ | ٩٠،٧٢ | ٢١ | ٢٤،٤١ |
| شیکارکردن | ٧ | ٧،٢١ | ٢٣ | ٢٦،٧٤ |
| دروستکردنی کاریگەریی | ٠ | ٠،٠ | ٣٩ | ٤٥،٣٤ |
| هۆشداریی | ٢ | ٢،٠٦ | ٣ | ٣،٤٨ |
| کۆی گشتی | ٩٧ | ٩٩،٩٩ | ٨٦ | ٩٩،٩٧ |

بەپێی داتاکانی خشتەی (١٤)، ماڵپەری ڕوداو زۆرترین بایەخی بە ئامانجی (هەواڵدان) داوە و لە پلەی یەکەمدا بە ڕێژەی (٩٠،٧٢٪)ی کۆی هەواڵەکانی لە هەفتەی یەکەمی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیادا، تەنها زانیاریی و وردەکارییەکانی جەنگەکە و کاردانەوە و لێکەوتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی ڕوماڵکردوە. ئەم ڕێژەیەش لەگەڵ چێوەکانی پێشویدا یەکدەگرێتەوە کە زۆرینەیان نیشانەی ڕوماڵکردنێکی بێلایەنانە و بابەتییانەن لەلایەن ماڵپەرەکەوە. لەپلەی دوەمیشدا، ڕوداو بایەخی داوە بە شیکارکردنی هەواڵ و زانیارییەکان بە ڕێژەی (٧،٢١٪). هەرچی ماڵپەری (BBC Arabic)ە بەپلەی یەکەم بەئامانجی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر وەرگر، هەواڵەکانی جەنگی بڵاوکردوەتەوە و ڕێژەکە گەیشتوەتە (٤٥،٧٤٪). لە پلەی دوەمیشدا و بە ڕێژەی (٢٦،٧٤٪) هەواڵەکانی لە چوارچێوەی شیکارییدا بڵاوکردوەتەوە. ئەو هەواڵانەشی کە بەبێ هیچ ئاماژەیەکی لایەنگرانە و تەنها وەک زانیاریی خستوەتە بەرچاوی وەرگر لە پلەی سێیەمدا هاتون بە ڕێژەی (٢٤،٤١٪). دوایین پلەی ڕیزبەندیی هەواڵەکانیشی کە چێوەی هۆشدارییە، ڕێژەیەکی کەمە کە دەکاتە (٣،٤٨٪). ماڵپەرە کوردییەکەش بایەخێکی کەمی بەم ئامانجە داوە کە بە ڕێژەی (٢،٠٦٪) پلەی سێیەمی ڕیزبەندیی هەواڵەکانی گرتوە. ئەوەی دەمێنێتەوە بژاردەی (هۆشداریی)یە، کە ماڵپەرە کوردییەکە هیچ هەواڵێکی لە چێوەی ئەم ئامانجەدا ڕوماڵ نەکردوە و ڕێژەکەی یەکسانە بە سفر.

## ٩-لێکدانەوەی ئەنجامەکان:

پاش لێکدانەوەی داتاکانی پەیوەست بە شیکاریی دەستەکانی ڕواڵەت و ناوەڕۆکی چێوە هەواڵییەکانی هەردو ماڵپەر لە ڕوماڵکردنی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیا، توێژەر لەم خاڵانەی خوارەوەدا گرنگترینیان دەخاتەڕو:

– لەڕوی ڕواڵەتەوە، هیچکام لە دو ماڵپەرەکە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی هاوسەنگ بایەخ بە جۆرەکانی هەواڵ بدەن لە ڕوماڵکردندا، چونکە جیاوازیی بەرچاو هەیە لە چێوەسازیی ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیا، لەلایەن هەردو ماڵپەرەوە. ڕوداو زۆرترین بایەخی بە کورتە هەواڵ داوە، بەڵام ماڵپەری (BBC Arabic) زیاتر لەڕێی ڕاپۆرتەوە ڕوماڵی کردوە. خاڵی نەرێنیی و هاوبەشی نێوان هەردو ماڵپەرەکەش لە دو بژاردەدا خۆی دەبینێتەوە کە بریتین لە (ئینفۆگرافیک) و (کاریکاتێر). هیچکامیان لە ڕوماڵکردنی هەواڵەکانی جەنگی ڕوسیا- ئۆکرانیادا پشتیان بەو دو چێوەیە نەبەستوە.

– هەردو ماڵپەر دەستەوەستان بون لە پشتبەستن بە سەرچاوە میدیاییەکانی هەردو لایەنی جەنگەکەدا، لەکاتێکدا جەنگ لەنێوان ئەو دو وڵاتەدایەو گرنگە چاو لەسەر میدیای ڕەسمیی هەردولا بێت بۆ ئاگاداربون لە پەرەسەندنەکانی مەیدانی جەنگەکە و کاردانەوە جۆراوجۆرەکانی. لەم نێوەندەدا خاڵێکی ئەرێنیی گرنگ، ماڵپەرە کوردییەکە لە ماڵپەرە عەرەبییەکە جیادەکاتەوە، ئەویش چاودێریکردنی هەژماری بەرپرسانی باڵای هەردو لایەنی جەنگەکەیە لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و وەرگرتنی زانیاریی و وێنە و ڤیدیۆکانیان و بەکارهێنانیانە وەکو نزیکترین سەرچاوەی پەیوەندیدار بە جەنگەکە.

–سەرباری ناوبانگ و توانای مرۆیی و تەکنیکیی و دارایی هەردو ماڵپەر، بەڵام نەیانتوانیوە لە هەفتەی یەکەمی جەنگەکەدا ئەو توانایەی خۆیان بەکاربهێنن بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیارییەکانی پەیوەست بە جەنگەکە. زۆرترین ڕێژەی سەرچاوەی هەواڵی هەردو ماڵپەر (ئاژانس و سەرچاوە دەرەکییەکانی هەواڵە). هەردو ماڵپەر لە کەمترین هەواڵیاندا پشتیان بە پەیامنێر و نێردراوی تایبەتی خۆیان بەستوە. بەشێک لەو ڕێژە کەمەی هەواڵەکانیشیان کە لەلایەن پەیامنێرەکانیانەوە ئامادەکراون، لە وڵاتانی دیکەی وەک ئەمریکا و ئەڵمانیا و بەریتانیاوە نێردراون، نەک لە مەیدانی جەنگ و لەسەر خاکی هەردو وڵاتی شەڕکەرەوە. دەشێت هۆکارێکی ئەوەبێت کە هەردو وڵات یارمەتیدەر نەبون بۆ ڕوماڵکردنی مەیدانیی هەواڵەکانی جەنگەکە لەلایەن ڕۆژنامەنوسانی بیانییەوە. هەروەها بەشێک لە دەزگا میدیاییەکانیش لەبەر پاراستنی سەلامەتیی گیانی ڕۆژنامەنوسانیان، لە دورەوە ڕوماڵ دەکەن.

–ئەگەرچی یەکێک لە تایبەتمەندییە دیار و کاریگەرەکانی میدیای ئەلیکترۆنیی ئەوەیە کە لەڕێی هایپەرلینک و وشەکلیلەکانەوە، وەرگر ئاراستە دەکرێت بەرەو وەرگرتنی زانیاریی زۆرتر لە پەڕەی سەربەخۆی دیکەدا، بەڵام دو ماڵپەرەکە هەواڵەکانیان لە چێوەیەکی کلاسیکییدا خستوەتە بەردەستی وەرگر، ماڵپەری ڕوداو (٩١،٧٥٪) و ماڵپەری (BBC Arabic) ڕێژەی (٩١،٩٧٪)ی هەواڵەکانیان وەکو تێکستی جێگیر هاوشێوەی ڕۆژنامەی کاخەزیی بەردەست خستوە. ئەم کەموکوڕییە تەکنیکییە، تەنها لە هەواڵەکانی تایبەت بە جەنگی ڕوسیا– ئۆکرانیادا لە هەردو ماڵپەرکەدا بەدییدەکرێت. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەبێت کە هەواڵ و زانیارییەکان خێرا و زۆر بون و هەردو ماڵپەر سەرنجی زیاتریان لەسەر خێرایی بڵاوکردنەوە بوبێت، نەک لایەنی تەکنیکیی. هەروەها هەردو ماڵپەر بە ڕێژەیەکی کەم بایەخیان داوە بە دانانەوە/ هاوپێچکردنی هەواڵ و ڕاپۆرتە تەلەفزیۆنییە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ هەواڵی بەردەستدا.

–سەبارەت بە لایەنی کارلێککردنی وەرگر لەگەڵ ناوەڕۆکی هەواڵەکاندا، کەناڵە عەرەبییەکە بەهیچ شێوەیەک بژاردەکانی کارلێککردنی (لەناو ماڵپەر) و (لەڕێی پەیجەکانی سۆسیال میدیاوە) بۆ وەرگر نەڕەخساندوە. بەڵام ماڵپەرە کوردییەکە بەلەبەرچاوگرتنی بایەخ و کاریگەریی سۆشیال میدیا چێوەسازیی تەکنیکیی بۆ تەواوی هەواڵەکانی جەنگی ڕوسیا– ئۆکرانیا کردوە.

-ماڵپەری ڕوداو، لەڕوی ئاماژەی هەواڵەکانیەوە تاڕادەیەک پیشەییانە و بێلایەنانە مامەڵەی کردوە، بەڵام ماڵپەری (BBC Arabic) لایەنداریی بە ڕومالکردنەکانیەوە دیارە بەئاراستەی هاوسۆزیی بۆ ئۆکرانییەکان و نیشاندانیان وەک گەلێکی ستەملێکراو. دەشێت هۆکاری سەرەکیی ئەم جیاوازییە، سیاسەت و مامەڵەی ڕەسمیی لایەنی پارەدارکردنی هەردو کەناڵ بێت. ئاشکرایە کە بەریتانیا لە بەرەی دژی ڕوسیایە و یەکێکە لەو وڵاتانەی ئەوروپا کە هەڵوێستی توندی سیاسیی و دیپلۆماسیی و ئابوریی هەبوە بەرامبەر بە جەنگەکە و مامەڵەی ڕوسیا. ڕەنگدانەوەی ئەم سیاسەتەی بەریتانیا لەسەر گوتاری میدیایی (BBC Arabic) لەم گۆشەیەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە لەکاتێکدا کە وەک دەزگایەکی نیمچە ڕەسمیی حکومەتی بەریتانیا دەناسرێت. بەڵام لەو گۆشەیەوە هەڵوێستێکی نامۆیە کە خاوەنی مێژویەکی دێرین و پرەنسیپی تایبەت بە ئاکاری میدیاییە و زۆربەی دەزگا میدیاییەکان و میدیاکاران لە سەرانسەری جیهاندا وەک سەرمەشق و قوتابخانەیەکی میدیایی لێی دەڕوانن.

-ماڵپەری ڕوداو خۆی پاراستوە لە هەر هەوڵێکی دروستکردنی کاریگەریی و ڕاکێشانی سۆزی وەرگر. بەپێی ئەنجامەکان، ڕوداو لە (٩٠،٧٢٪)ی هەواڵەکانیدا هەوڵیداوە تەنها ڕاستیی و زانیارییەکان بگوازێتەوە و، بڕیاردان و لێکدانەوەی بۆ وەرگر بەجێهێشتوە. بەپێچەوانەی ماڵپەری (BBC Arabic) کە لەڕێی بەکارهێنانی چەندین چەمکی وەک (داگیرکاریی، لەشکرکێشیی، تاوانکاریی، پێشێلکاریی)یەوە بە ڕێژەی (٤٥،٣٤٪)ی کۆی هەواڵەکانی هەوڵیداوە سۆزی وەرگر ڕابکێشێت بەئاراستەی پشتیوانییکردنی ئۆکرانییەکان و سەرکۆنەکردنی ڕوسیادا.

## ١٠-پێشنیار و ڕاسپاردەکان:

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی کە پاش شیکارکردنی ناوەڕۆکی چێوە هەواڵییەکانی مشتەی ئەم توێژینەوەیە بەدەستهاتون، توێژەر ئەم پێشنیارانە دەخاتە بەردەستی توێژەران و میدیاکاران:

### ١٠-١/ پێشنیاری توێژەر بۆ توێژەران:

-توێژینەوە دەربارەی (کاریگەریی خاوەندارێتیی میدیایی لە چێوەسازیی هەواڵدا) بکرێت.

-توێژینەوە دەربارەی (ڕاددەی ڕەچاوکردنی پێوەرە ئیتیکیی و پیشەییەکانی کاری ڕۆژنامەوانیی لە ڕومالکردنی ململانێکاندا) بکرێت.

-توێژینەوە دەربارەی (پشتبەستنی ڕۆژنامەنوسان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەدەستهێنانی زانیاریی هەواڵییدا) بکرێت.

### ١٠-٢/ ڕاسپاردەی توێژەر بۆ میدیاکاران:

-سودوەرگرتنی ڕۆژنامەنوسان لە ئامرازەکانی تەکنۆلۆجیای نوێ بۆ وەرگرتنی زانیاریی و پاشان بڵاوکردنەوەیان، بەشێوەیەک کە زۆرترین بژاردە بخرێتە بەردەستی وەرگر بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین زانیاریی.

-سودوەرگرتنی ڕۆژنامەنوسان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک سەرچاوەی بەدەستهێنانی زانیاریی، چاودێریی ڕوداوەکان. هەروەها وەک ئامرازی یارمەتیدەر بۆ بازاڕگەریی و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ماڵپەر و کەناڵەکان.

-بایەخدانی ڕۆژنامەنوسان بە سەرچاوەی ڕەسەنی هەواڵەکان و بەگەڕخستنی توانا مرۆییەکان لەپێناو دروستکردنی هەواڵ و ڕاپۆرتی مەیدانیی و پشتبەستنی کەمتر بە سەرچاوەی لاوەکیی و دارِشتنەوەی ناو ئۆفیسەکان.

-ڕاگرتنی هاوسەنگیی لەنێوان جۆرەکانی هەواڵ، ئاماژە هەواڵییەکان و خۆپاراستن لەو دەستەواژانەی کە وەرگر چەواشەدەکەن و بەرەو لایەنداریی ئاراستەی دەکەن.

# News Frames of the Russian-Ukrainian War on the Websites

(An analytical and comparative study between Rudaw and BBC Arabic websites)


## Farooq Jameel Kareem

Department of Mass Communication, College of Humanities, University of Halabja. Halabja, Kurdistan Region of Iraq.



## Abstract

This study aimed to reveal the news frameworks of the Russian-Ukrainian war on the (Rudaw) and (BBC) Arabic websites. The study adopted the content analysis method within the descriptive approach, as its sample consisted of all news materials published on the two websites during the first week of the war, for the period between (24/2/2022) until (2/3/2022). The total sample during the mentioned period amounted to (183) news for both sites. The study reached several results, most notably: There are statistically significant differences in the framing of the news of the Russian-Ukrainian war by the both websites. (Rudaw) focused on news briefings, while (BBC Arabic) focused on news reports in the first place. The two sites did not rely on media sources from the two sides of the conflict, while Rudaw obtained information by monitoring the accounts of senior officials of the two sides of the conflict on social media (18,55%). The results also show that the both websites depend on their correspondents and delegates in the manufacture and transmission of news with a very small percentage. While news reports were prepared by the both websites' correspondents from other countries such as the United States, Germany and Britain, not on the battlefield or on the territory of the two warring countries. With regard to the persuasive frameworks used in presenting the news, the results showed that Rudaw was more reasonable and neutral, while BBC Arabic was biased towards sympathizing with the Ukrainians and portraying them as an oppressed people. The main reason for this difference may be the reflection of the official and political position of the funder of both sites, as Rudaw refrained from any attempt to make an impact and attract the attention of the recipient, as it tried in (90,72%) of its news to convey facts and information only, leaving the decision and interpretation to the recipient. Contrasted with (BBC Arabic), which used several terms such as: occupation, invasion, crime, violations, in order to convince the public of its tendencies towards sympathy with the Ukrainians.


**Keywords**: Framing, News Frames News, Websites.

## سەرچاوەکان:


Boucher Jean-Christophe, Edwards Jack, Kim Jenny, Badami Abbas, and Smith Henry: (2022) DISINFORMATION AND RUSSIA-UKRAINIAN WAR ON CANADIAN SOCIAL MEDIA, University of Calgray, The School of Public Policy Publications, SPP Briefing Paper, vol 15-16, June.

Entman Robert(1993): Framing Toward Clarification of A fractured Paradigm", Journal of Communication, Vol.43, No. 4, Autumn, p.52.

Gamson،W. (1992). Media Images and the social construction of reality ،Annual review of sociology (Vol.18: p373 -393

Gonzalez Melissa Joy(2013) ،Media Propaganda: A Framing Analysis of Radio Broadcasts from U.S. to Cuba ،Un-Published thesis ،University of South Florida ،College of Arts and Sciences،pp19-20.

Harper Stephen, (2014) Framing the Philpotts: Anti-welfarism and the British newspaper reporting of the Derby house fire verdict, International Journal of Media & Cultural Politics, Volume 10 Number 1,p89.

Kimberly Gross and Paul Brewer(2009), "Thinking and Feeling about Frames: A Cognitive-Affective Model of Framing Effects, "Paper presented at the annual meeting of the Midwest Political Science Association 67th Annual National Conference, Chicago , April 02,.p4.

Lin Jiayi (2022) Russian-Ukrain War: A comparative analysis of framing in Los Angeles Times and China Daily, Radboud university, Faculty of Arts International Business Communciation.

Leckouk Tiung & Safa Made (2009), Media framing of political personal: A case study of Malaysian politician, European journal of social science, Vol. 2. No3, p.p. 410- 411.

Mäenpää Olivia Amanda(2022), A critical discourse analysis on the reporting of the Ukrainian refugees fleeing the Russian invasion, Malmo university, International Relations Dept. of Global Political Studies Bachelor program – IR103L.

Vangsnes Ingeborg (2022) Comparative analysis of Russian and western Media concerning the Ukraine war, University of Stavanger, faculty of educational science and humanities.

Vrba Petra(2022) The framing of the war in Ukraine in the U.S. media, Masarykova univerzita, Fakulta sociálních studií.

الاكشر منى محمد الطوخى سالم (٢٠٢٢) أطر معالجة الصحف الالكترونية للازمات الخليجية، المجلة المصرية لبحوث الإعلام، ع٧٨.

أبوعرجة تيسير، الكعابنة فرح فواز (2021): أطر المعالجة الاخبارية لتطورات القضية الفلسطينية في قناة مكان٣٣ الإسرائيلية خلال ٢٠١٨، مجلة اتحاد الجامعات العربية لبحوث الإعلام وتكنولوجيا الاتصال، مج٢٠٢١، العدد السادس.

الجنابي علاء مراد عجاج، سعيد وداد عوض (٢٠٢١) أطر المعالجة الصحفية للشأن العراقي في موقع CNN العربي، مجلة العلوم الانسانية، مج٢١، ع١.

النصافي ناصر مرزوق (٢٠٢٠) أطر معالجة قضايا الصراع العسكري العربي في الصحافة الكويتية، مجلة كلية آداب حلوان، مج٥١، ع١.

عمى عائشة محمد عبد القادر ، أميمة محمد محمد عمران، أشرف رجب عطا على (٢٠٢١) أطر المعالجة الإخبارية لقضية اليجرة غير الشرعية فى الفضائيات الإخبارية، مجلة البحوث في مجالات التربية النوعية، جامعة المنيا، ع٣٧.

على خالد صلاح الدين(٢٠١١) دور التلفزيون والصحف فى تشكيل معلومات واتجاهات الجمهور نحو القضايا الخارجية، رسالة دكتوراه غير منشورة، جامعة القاهرة، كلية الاعلام.

مزروع رشا عبد الرحيم (٢٠١٣.) اطر معالجة القنوات العربية والاسلامية للصراع بشأن الاستفتاء على الدستور بعد ثورة ٢٥يناير، دورية اعلام الشرق الآوسط أبوظبي، ع٩.